دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە:
٥٠٤
www. kurdistanukurd.com
چوار شەممە ٣٠ی ڕێبەندان ١٣٨٧ ـ ١٨ی فێوریە ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

**بەیاننامە :**
**تێپەڕینی ٣٠ ساڵ بە سەر ڕا پەڕینی ٢٢ی ڕێبەنداندا**

سیاسی



**شۆڕشێك كە دەسەڵاتێکی نادیموکراتیکی لێ کەوتەوە**

کۆمەڵایەتی



**دەسکەوتەکانی ژنانی ئێران لە شۆڕشی ١٣٥٧ دا**

ئەدەب و هونەر



عەبدوڵڵا حەسەن زادە:
**زمانی یەکگرتوو دروست ناکرێ دروست دەبێ**

### خالید عەزیزی ( وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ):

# چ هەڵبژاردنەکان تەحریم بکەین و چ نەیکەین، دەبێ قورسایی کورد دیار بێ



**کوردستان ـ بەشی سیاسی:**
وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لێداوانێکی تایبەتدا بۆ "کوردستان" لەمەڕ هەڵویستی ئەم حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ خولی دیەمی هەلبژاردنەکانی سەرۆکۆماریی ئێران دا رایگەیاند:" ئێمە لەم پێوەندییەدا تا ئێستا هەڵوێستێکی فەرمیمان ڕانەگەیاندووەو خەریکی بەدواداچوون و خوێندنەوەو لێکدانەوەی بابەتەکەین، بەڵام ئەگەر بەو قەناعەتە گەیشتین کە ئەم هەڵبژاردنانە تەحریم بکەین، بڕوامان وایە نابێ تەحریمێکی پاسیڤ و لەکۆڵ خۆکردنەوە بێ، بە گشتی پێمانوایە ئەم هەڵبژاردنانە چ تەحریم بکەین و چ نەیکەین، دەبێ قورسایی کورد دیار بێ".

خالید عەزیزی بە ئاماژە بە فەلسەفەی دامەزراندنی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"و بەشداریی چالاکانەی ئەم حیزبە لە یەکەم هەڵبژاردنی پارلمانیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا وتی:" لە بنەمادا هەڵبژاردن و بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی ئازادو دیموکراتیك کە ئەمنیەتی حقوقی، سیاسی و قانوونی بۆ تاکەکان دابین بکا، یەکێك لە مەرجەکانی بەهێزبوون و سەقامگیربوونی دیموکراسییە لە کۆمەڵگادا. ئێمە پێمان باش بوو کە حیزبێکی قانوونی باین و دەرەتانی ئەوەمان هەبایە لە کێبەرکێی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەشدار بین و شوێن لەسەر پانتای سیاسیی کوردستان دابنێین ".

عەزیزی لە درێژەدا بە ئاماژە بەوەی کە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان حوزووری ئاشکراو قانوونییان لە گۆڕەپانی ئەو کێبەرکێیانەدا نیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە بەرانبەر دوو ئاڵترناتیڤ دان و ئەویش "تەحریم کردن" یا "تەحریم نەکردن"ە. وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەمانکاتدا بە پێچەوانەی هەڵوێستی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە رابردوودا بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان لە ئێران، ئەوەی دووپات کردەوە:" ئەگەر بڕیار وابێ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران تەحریم بکەین، دەبێ تەحریمێکی چالاکانە بێ و بۆ ئەوەی قورسایی کورد دیار بێ، لە ڕێگای کۆدەنگیی نێوان هەموو حیزبەکان و کۆڕوکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی وڵاتەوە دەبێ کاری بۆ بکەین".

خالید عەزیزی لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە هێشتا کێبەرکێی هەڵبژاردنەکان بە گەرموگوڕی نەهاتووەتە گۆڕێ و ڕایگەیاند کە تائێستا روون نیە کە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا چەندە دەبێتە بابەتی ئەو هەڵبژاردنانە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بێ دەبێ لە پێناو هەڵوێستەکەمان دا چالاك بین.

پێویستە بوترێ، خولی دەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران بڕیارە ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی داهاتوو بەڕێوەبچێ.

## خاتەمی ئەمجارەیان دەڵێ چی؟

عەولا بەهرامی

لەم رۆژانەدا خۆ کاندیدا کردنەوەی محەمەد خاتەمی، راگەیەنەکان و بەتایبەت راگەیەنە فارسییەکانی دەرەوەی وڵاتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووەو لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە باری "هاتن"ی ئەوەوە دەکەن. جگە لەمانە هاتنە مەیدانی خاتەمی لەم هەلومەرجەدا کە باڵی کۆنەپارێزو توندڕەوی دەسەڵات لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رووبەڕووبوونەوەدا بووە، بە خاڵێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم دراوە. رەنگە گەورەترین دڵخۆشیی ئەم گرووپە کە زۆرتر لە داکۆکیکارانی یەکپارچەیی خاکی ئێران و لایەنگرانی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا پێك دێن، ئەوە بێ کە خاتەمی میانەڕەوەو هەر بۆیە دەتوانێ لەگەڵ دنیای دەرەوە نەرمتر هەڵسوکەوت بکاو مەترسییەکانی سەر ئێران بڕەوێنێتەوەو رەنگە لە ئاستی نێوخۆییش دا بتوانێ هێندێك وردە ریفۆرم بکا.

بەڵام ئاوڕدانەوەیەك لە هەشت ساڵی سەرۆك کۆماریی خاتەمی دەمانگەیەنێتە ئەم راستییە کە دڵخۆش کردن بە خاتەمی کە بۆخۆی بەشێکە لە دەسەڵات و پایەبەندی پاراستنی ڕێژیم و دەسەڵاتی ئایینیی ئێستای ئێرانە نیشانەی خەیاڵگەرایییە. چونکە ئەگەر لە ئاستی نێوخۆییدا چاوەڕوانی بکرێ خاتەمی بتوانێ گۆڕان دروست بکاو ئازادییەکانی خەڵك بگەڕێنێتەوە، یان لە ئاستی نێونەتەوەییدا چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێ کارێك بکا تاران دەست لە سەرەڕۆیی، کێشە خولقێنی، تیرۆریسم، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و... هەڵگرێ، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین خاتەمی بە هیچ شێوەیەك (ئەگەریش بیهەوێ) لە توانایدا نیە ئەم چاوەڕوانییانە وەدی بێنێ. هەموو ئەوانەی ناسیاوییان لە سەر سیستمی سیاسیی ئێران هەیە دەزانن سەرۆك کۆمار هەر چەندیش دەنگی خەڵکی لە پشت بێ لە نێو سیستمدا ئەوەندە دەسەڵاتی نیە بتوانێ لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی سیستم، کە کەسانی دیکەی سەرووی ئەوەوە دەیپارێزن، تێپەڕێ. راستییەك کە خاتەمی لە دوایین کۆنفرانسی چاپەمەنیی سەردەمی سەرۆککۆماریی خۆیدا ددانی پێداهێنا و گوتی:" سەرۆککۆمار تەنیا تەداروکچییەکە."

جگە لەمانە خاتەمی لە باشترین حاڵەتدا لە بیری جوانکردنی سیمای ڕێژیمەکەی دایە نەك شتێکی زیاتر. خاتەمی ئەگەر جیاوازییەکی لەگەڵ باقیی قۆڵ و دەستەکانی نێو دەسەڵاتدا هەبێ تەنیا لە میتۆد دایە، نەك لە ستراتژی دا. هەر ئەم جیاوازیی میتۆدەش ئەم شەڕە زێڕینگەرانەیەی نێو دەسەڵاتداران دا لێ کەوتۆتەوە.

کەواتە خاتەمییەکی بێدەسەڵات، خاتەمییەك کە ناتوانێ لە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لابدا دەتوانێ سەرچاوەی چ گۆڕانکارییەك بێ؟ خاتەمی یان هەر سەرۆککۆمارێکی دیکە کاتێك دەتوانێ سەرچاوەی گۆڕان بێ کە سیستمەکەی بڕوای بە دەنگی خەڵك هەبێ و بۆخۆی هەڵگری شێوە روانینێکی بە تەواوی جیاواز لە دەسەڵاتداران و سیستمی سیاسیی ئێستای وڵات بێ. دیارە ئەمەش پێویستی بە هەڵبژاردنێکە کە لەودا دەرەتانی هەڵبژاردنی ئازادانە بە خەڵك و هاتنە مەیدانی کەسانی سەربەخۆو ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە بدرێ.

## ئێران هەڕەشەیەکی بنەڕەتییە بۆ ئیسراییل

بۆ یەکەم جار دامودەزگا تەناهییەکانی ئیسراییل لە راپۆرتێکی فەرمی دا ئێرانیان بە هەڕەشەیەکی بنەڕەتی لە قەڵەم داوە. بە پێی راپۆرتی رۆژنامەی ئیسراییلیی یەدیعوت ئۆخرونوت، لە راپۆرتی دوورەدیمەنی ساڵانەی سوپای ئیسراییل لە ساڵی ٢٠٠٩دا، بە فەرمی ئێران بە مەترسییەك دانراوە کە هەڕەشە لە بوونی ئیسراییل دەکا.

زۆربەی شیکارانی نیزامی، ئیسراییل بە هێزێکی ناوەکی دادەنێن بەڵام ئەم وڵاتە سەبارەت بە توانای نیزامی ـ ناوکیی خۆی سیاسەتێکی نارروونی گرتۆتە پێش و نە ددانی پێدا دەنێ و نە رەتی دەکاتەوە. ئەم راپۆرتە کە لە لایەن ستادی گشتیی سوپای ئیسراییلەوە پەسند کراوە، حەوتووی رابردوو خرایە بەردەم ئێهود باراك، سەرۆکوەزیری ئەم وڵاتە.

ئەم رۆژنامەیە دەنووسێ لەم راپۆرتەدا، سوپاسالار گابی ئەشکنازی، سەرۆکی ستادی گشتیی سوپای ئیسراییل، ئێرانی وەك گەورەترین هەڕەشە کە هێزە ئیسراییلییەکان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەو ئامادە دەبن، لە قەڵەم داوە.

لەم راپۆرتەدا پێداگری لە سەر ئەوە کراوە کە هەڕەشەی ئێران لایەنی جۆراوجۆری هەیە کە بریتین لە توانای



ناوەکیی نزیك ماوە، توانایی لەباری مووشەکی قارەبڕە تاقیکراوەکانەوە و توانایی شەڕی ناراستەوخۆ لەگەڵ ئیسراییل لە ڕێگای حەماس و حیزبوڵڵاوە.

## کوشتنی کاسبکارانی کورد بەردەوامە



دوای کوشتنی کەسێکی خەڵکی ناوچەی شنۆ، شەڕو پێکدادان لە نێوان بنەماڵەکەی و هێزەکانی ڕێژیم هاتە ئاراوە.

هەواڵنێرمان لە شاری شنۆوە پێی راگەیاندین کە شەوی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٨ی ڕێبەندان کەسێك بە ناوی ناسر کوڕی سۆفی کەریم، خەڵکی ئاوایی لۆرکانی دەشتەبێڵی شاری شنۆ لە نۆکانی ناوچەی سەردەشت لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە تەقەی لێ دەکرێ و لە ئاکام دا گیانی لەدەست دەدا.

بە پێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لەم پێوەندییەدا بە "کوردستان" گەیشتوون لە کاتێك دا کە بنەماڵەی ناوبراو بە مەبەستی وەرگرتنەوەی تەرمەکەی دەچنە نەخۆشخانەی شاری شنۆ، لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم تووشی تێکهەڵچوون دەبن و لە ئاکام دا چەند کەسێکیان لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە هێرشیان دەکرێتە سەرو بریندار دەبن.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەزییەت و ئازاری کاسبکاران دا هەواڵنێرمان لە شاری مەریوانەوە پێی راگەیاندین کە هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر کاروانێك لە کاسبکارانی ناوچەکەو وێڕای کوشتنی ٣٠ سەر لە وڵاغەکانیان، ٥ باری پارچەیان لێ بە تاڵان بردن و ٥٠ دەبە گازوییلیشیان لێ سووتاندن.

بە پێی هەواڵ ڕێکەوتی ٢٨ی ڕێبەندان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە ٦ ماشێنەوە هێرشیان کردە سەر کاسبکاران لە ملەی هەنجیران لە ناوچەی مەریوان و زەرەرو زیانێکی زۆری مادییان پێ گەیاندن کە دەکرێ ئاماژە بە کوشتنی ٣٠ سەر وڵاغی کاسبکاران، بە تاڵانبردنی ٥ بار پارچەو سووتاندنی ٥٠ دەبە گازۆییل بکەین.

# جەواد عەلیزادە بۆ بەندی تاکەکەسی گوازرایەوە



چالاکی خوێندکاری جەواد عەلیزادە پاش مانگرتن لە خواردن بۆ بەندی تاکەکەسی لە زیندانی سنە گوازرایەوە.

کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران سەبارەت بە دۆخی نالەباری چالاکی خوێندکاریی بەندکراو جەواد عەلیزادە بڵاوی کردەوە کە ناوبراو پاش ئەوەیکە لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان دەستی بە مانگرتن لە خواردن گرت، بۆ بەندی تاکەکسی گوازرایەوە. گواستنەوەی عەلیزادە بۆ بەندی تاکەکەسی لە کاتێك دایە کە ناوبراو لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەبارەت بە ئەشکەنجەکرانی و هەڵسوکەوتی خراپی زیندانوانان ٤ جار سکاڵای بۆ دادستانی سنە بەرز کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ پێڕاگەیشتنێك بە سکاڵاکانی نەکراوەو تەنانەت دادستانی سنە ڕایگەیاندووە کە عەلیزدە مافی هیچ چەشنە سکاڵایەکی نیە.

جەواد عەلیزادە خوێندکاری فەوقی لیسانسی مافی مرۆڤی زانکۆی تەباتەبایی تارانە کە بە هۆی چالاکییەکانی، مافی درێژەدان بە خوێندنی لێ سەنراوەتەوە. ناوبراو لە ڕێوڕەسمی تایبەت بەساڵرۆژی شەهیدکرانی ئیبڕاهیم لوتفوڵڵاهی لە سنە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کرا.

# چارەنووسی چالاکێکی مەدەنی بەندکراوی کورد ناڕوونە

دوای ٤ مانگ لە دەسبەسەرکردنی، چارەنووسی چالاکی مەدەنی ، ساسان ئەمجەدی ناڕوونە.

هەڵسوڕاوێکی مەدەنی پێی ڕاگەیاندین کە چارەنووسی ساسان ئەمجەدی کە چوار مانگ لەمەوپێش بێ سەرو شوێن کرا تا ئێستاش ناڕوونە.

بە پێی زانیارییەکان دوای ئەوەیکە چەندین جار لە لایەن هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمەوە هەڕەشەی لێکرا، چوار مانگ لەمەوپێش، ساسان ئەمجەدی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە بانگ کرا، کە لەو ڕێکەوتەوە تا ئێستا هیچ زانیارییەك لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی ناوبراو لەبەردەست دا نیە.

ساسان ئەمجەدی یەکێك لە ئەندامانی چالاکی ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئەندامی کۆمەڵەی سەوز و چەندین ڕێکخراوو ئێن جی ئۆی مەدەنی دیکە بوو.

ناوبراو کارناسی ئینفۆرماتیکی بیمەی ئێرانی پارێزگای سنە بوو کە بە دوای بێ سەرو شوێن کرانی دا حەراسەتی ئەم ڕێکخراوە کەسێکی دیکەی لە شوێنەکەی دانا.

# ٧کەس لە دانیشتوانی ئاوایی کانی ڕەشی ناوچەی شنۆ قۆڵبەست کران



دوای قۆڵبەسکردنی هاونیشتمانێکی خەڵکی ئاوایی "کانی ڕەش" بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ حیزبێکی کوردی، ٦ کەسی دیکەی خەڵکی ئەم گوندە قۆڵبەسکران.

هەواڵنێرمان لە شاری شنۆوە پێی ڕاگەیاندین کە ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندان هاونیشتمانێك بە ناوی "مەلا فەتاح بەنگینی"، کوڕی عەبدوڵڵا، خەڵکی ئاوایی کانی ڕەشی سەر بە شاری شنۆ، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکان قۆڵبەست و ڕەوانەی زیندانی ناوەندی ئەم شارە کرا.

هەر لەم پێوەندییەدا هەواڵنێرمان پێی ڕاگەیاندین کە دوو ڕۆژ دواتر، ١٩ی ڕێبەندان هەر لە گوندی کانی ڕەش ٦ کەسی دیکە بە ناوەکانی: شاهۆ بابەکری، شوانە باپیری، لوقمان سەعیدی، وەهاب بەنگینی، محەمەدئەمین شێخەو حاسڵ بەنگینی لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە گیران.

تا کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لە پێوەندی لەگەڵ هۆی گیرانی ئەو ٦ کەسەی دوایی و چارەنووسی ئەم ٧ گیراوە زانیارییەك لەبەردەست دا نیە.

# ئیتلاعات بە فشار خستنە سەر بنەماڵەی پێشمەرگە زانیاری لە سەر حیزبە سیاسییەکان کۆ دەکاتەوە

بە پێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو بە " کوردستان " گەیشتوون، ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شارەکانی سنە، بۆکان و مهاباد بە بانگ کردن و گوشار خستنە سەر ئەو بنەماڵانەی کە کوڕو کچەکانیان لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دا خەبات دەکەن، داوایان لێ دەکەن کە سیخوڕیی لە سەر منداڵەکانیان و هەروەها حیزبەکان بکەن.

لە ناوچەی مهاباد ڕێژیم داوای لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان کردوە کە لە سەر شوێن و مقەڕی حیزبە سیاسییەکان و هەروەها کاتی هاتووچۆی کادرو پێشمەرگەو بەتایبەت ڕێبەرانی حیزبەکان زانیارییان بۆ کۆبکەنەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا ماوەی چەند ڕۆژێکە لە شارەکانی سنەو بۆکان گوشار بۆ سەر چالاکانی سیاسی پەرەی سەندوەو ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لەم دوو شارە وێڕای بانگ کردنی ئەو کەسانەی لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکان دا بوون و گەڕاونەتەوە، داوایان لێ دەکەن کە هاوکاری ڕێژیم بکەن و بە پێی زانیارییەکان کاربەدەستانی ئیدارەی ئیتلاعات هەڕەشەیان لەو کەسانە کردوە کە ئەگەر هاوکارییان نەکەن، پەروەندەکانیان سەر لە نوێ هەڵدەنەوەو تووشی گیرو گرفتیان دەکەن.

# دوو تێکۆشەری ڕێکخستنی نهێنی کۆچی دواییان کرد

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شارەکانی نەغەدە و مهاباد دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆچی دواییان کرد.

ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندان لە نەغەدە ماموستا مەلا ئەحمەدی شێخی، ماموستای ئایینی و کەسایەتی نیشتمانپەروەری ناوچەی نەغەدە و ئەندامی مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ماموستا مەلا ئەحمەدی شێخی لە دایکبووی گوندی "شێلم جاڕان"ی شاری نەغەدەیە و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەگرێ و ساڵی ١٣٥٨ بە ڕەسمی وەکوو ئەندام، تێکۆشانی سیاسی خۆی لە ڕیزی حیزبی دێموکرات دا دەست پێ دەکا.

مەلا ئەحمەد پێش نوێژی مزگەوتی ئیمام شافعی شاری نەغەدە بوو و وەکوو کەسایەتیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر لە ناوچەی نەغەدە ناسرا بوو.

هەر لەو ماوەیەدا لە ناوچەی مهابادیش ئەندامێکی هەڵسووری حیزب بە ناوی قادری مەلا عەوڵا، کوڕی عوسمان مەلا عەوڵای خاتوون باخ لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. قادری مەلا عەوڵا لەو کاتەوە کە پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبەوە گرت تا دوا ساتەکانی ژیان یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی حیزب لە ناوچەدا بوو و تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزبەکەی وەفادار مایەوە.

کۆمیسیونی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ڕاگەیاندنی کۆچی دوایی ئەم دوو تێکۆشەرەی حیزب بە "کوردستان"، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری هەر دوو هاوڕێی کۆچ کردوو و هەموو هاوسەنگەرانیان لە ڕێکخستنی نهێنی حیزب کرد.

# ئەندامانی حیزب لە چەندین شارو ناوچەی کوردستان چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەندامانی تێکۆشەری سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی سەردەشت، مهاباد، شنۆ، نەغەدە و ئاواییەکانی دەوروبەری ئەم شارانە لە ئاستێکی بەربڵاودا چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد.




لەم پێوەندییەدا کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە ئەندامانی حیزب فیلم و تراکتی تایبەت بە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان لە بنکەی دەفتەری سیاسی و هەروەها وتاری کاك خالید عەزیزی، وتەبێژی کومیتەی ناوەندیان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە گەڕەکەکانی فەرهەنگیان ، ئازادگان، وەفایی و سنجاناواو ئاوایی قوم قەڵای مهاباد و هەروەها لە گەڕەکی کەلهوڕاوای بۆکان و چەندین شوێن و گەڕەکی دیکەی شارەکانی نەغەدە و شنۆ بڵاو کردۆتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە بۆنەی یادی ٣٠ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕاگەیەنراوی دەفتەری سیاسی حیزب و هەروەها وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان بڵاو کردۆتەوە و دروشمی شۆڕشگێرانەیان لە شوێنە گشتیەکان دا نووسیوە. بەشێك لەو شوێنانەی ئەم چالاکییەیان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:

لە ناوچەی شاروێرانی مهاباد **گوندەکانی:** خوڕخوڕە، گرد یاقوب، وسووکەند، ئیندرقاش و خانەگێ

**محاڵی ئاختاچی گوندەکانی:** عیساکەند، قەمتەرێ، دەرمان، تیکانلووچە و زگ دڕاو

**سەردەشت و ڕەبەت:** ئاواییەکانی کاوڵانی سەرێ، سارتکێ، هورمزاوێ، بناویلی حاجی مینە، کەڵەکاوێ، کاوڵانی خوارێ، قاوەخانەی گوێزان، گەردەنەی زمزیران، جادەی مهاباد ـ سەردەشت، و هەروەها لە نێو شاری ڕەبەت لە زۆرێك لە قوتابخانە و شوێنە گشتیەکانی نێو شار.

**بەیاننامە:**

# تێپەڕینی ٣٠ ساڵ بە سەر راپەڕینی ٢٢ی رێبەندان دا

هاونیشتمانانی تێکۆشەر!
گەلانی زۆر لێکراوی ئێران!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

30 ساڵ لەمەوبەر، لە ٢٢ی رێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، راپەڕینی گەلانی ئێران بە ئاکام گەیشت و کۆتایی بە تەمەنی نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی لە ئێران هات .

راپەڕینێکی سەراسەری کە لە رێبەندانی ١٣٥٧دا، تۆماری رێژیمی پاشایەتیی تێکەوە پێچا، درێژەو چڵەپۆپەی خەباتێك بوو کە دەیان ساڵ بوو لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دژی سەرەڕۆیی، دیکتاتۆری و ستەم و بێ مافی لە گۆڕێ دا بوو. رۆژهەڵاتی کوردستان و گەلی کورد لە وڵاتی ئێران لە پێشەنگانی خەبات بۆ ئازادی و، لابردنی ستەم و زۆرداری بوون. شانبەشانی ئازادیخوازانی نەتەوەی کوردو نەتەوە بندەستەکانی ئێران، تێکۆشەرانی هەڵگری بیرو باوەڕی چەپ و پێشکەوتنخوازانەو، خەباتکارانی سەر بە جەبهەی میللی و، کەسایەتی و لایەنی ئیسلامی، لە ژوورەوەو دەرەوەی وڵات، بۆ رزگار کردنی ئێران لە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی خەباتیان دەکرد. رێژیمی پەهلەوی ئەگەرچی هەوڵی دابوو ئێران، لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و دەرەبەگایەتی یەوە، بەرەو جێگیرکردنی نیزامی سەرمایەداری و پەل و پۆهاوێشتنی شوێنەوارەکانی پێشکەوتن و مودێرنیزم ببا، بەڵام بە هۆی زەوتکردنی ئازادییە سیاسییەکان و، مافە نەتەوەییەکان و، زاڵکردنی دیکتاتورییەکی توندوتیژ، تا دەهات پتر لەگەڵ بەرهەڵست و دژایەتیی هاونیشتمانان بەرەوروو دەبوو. لێرەدابوو کە تاقمێك ئاخوندی کۆنەپەرست بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینیی میلیۆنان خەڵکی ناڕازیی وڵات و، بە قۆزتنەوەی پرژو بڵاویی هێزە خەباتگێڕەکان و بێبەشیی ئەوان لە رێبەرییەکی کاریگەر، رێبەریی شۆڕشی خەڵکی ئێرانیان گرتە دەست. بەمجۆرە دروشمەکانی ئەوان وەسەر دروشمەکانی رێکخراوە چەپ و دێموکرات و نەتەوەییەکان کەوت و، شۆڕشی گەلانی ئێران کە نێوەڕۆکێکی دێموکراتیك، عەداڵەتخوازانەوپێشکەوتووانەی هەبوو، لە رێبازی خۆی لادرا.

کاتێك ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، خەڵکی بێزار لە دیکتاتوری، بندەستی و هەژاری، دوای چەندین مانگ رێپێوان، مانگرتن و خۆپیشاندان و، مایە دانان لە گیانی خۆیان و رۆڵەکانیان، شایان ناچار بە راکردن لە ئێران کردو، خومەینی گەڕایەوە ئێران، پێش بینیی ئەوەیان نەدەکرد بە رووخانی رێژیمی پاشایەتی، دیکتاتۆرییەکی خراپتر لە هی پێشوو لە وڵاتەکەیان بێتە سەر کار. بەڵام لەگەڵ هاتنە سەر کاری خومەینی، نێوەڕۆکی راستەقینەی "سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی" — دروشمێك کە ئاخوندەکان خستیانە سەر زاری خەڵك — خوی دەرخست. دەسەڵاتی تازە لە ژێر رێبەریی خومەینی دا، یەکەم رۆژەکانی تەمەنی خۆی بە وەڕێخستنی پاکانە حیسێبێکی خوێناوی لەگەڵ کاربەدەستانی رێژیمی پێشوو، ئەویش بە دوور لە هەر رێوشوێنێکی دروستی قەزایی دەست پێ کرد. دەسەڵاتێك کە لە ئاکامی خەبات و قوربانیدانی خەڵك هاتبووە سەر کار، دەستبەجێ پاشماوەی ئەرتەشی شایەتی و تاقمە چەکدارەکانی خۆی بۆ ترساندن و سەرکوتی خەڵکی وڵات رەوانە کرد. کوشتاری خەڵکی سنە لە نەورۆزی خوێناویی ١٣٥٨دا لە یەکەمین دیارییەکانی ئەو دەسەڵاتە بۆ خەڵکی کوردستان بوو. هێشتا نێوەڕۆکی ئەو سیستمە حکوومەتییەی لە رێفراندۆمە نادێموکراتیکەی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا دەنگی بۆ درابوو، روون نەبێوە کەنیازی دوژمنانەی رێبەرو بنیاتنەری رێژیم بەرامبەر بە ژنان، رووناکبیران، رۆژنامەکان و زانستگەکان ئاشکرا بوون. گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە زۆر پێشتر لە خومەینی و ئاخوندە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان، خەباتیان لەگەڵ دیکتاتوریی پەهلەوی دەست پێ کردبوو و نرخی گرانیان بۆ دابوو، هەر زۆر زوو کەوتنە بەر رق و پەلاماری ئەو رێژیمەو، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی دەرکردن .

30 ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، لە زۆر بارەوە جێگای هەڵوێستە لە سەر کردنە. بە هاتنە سەر کاری ئەم رێژیمە بە رواڵەت سیستمی حکوومەتی لە شایەتییەوە بۆ کۆماری گۆڕا. بەڵام وەك لەم ٣٠ ساڵەدا دیتوومانە، دیکتاتورێکی مەندیل بە سەر کە ناوی "وەلی فەقیە و رێبەری نیزام"ی لە سەر دانراوە، جێگای دیکتاتورێکی تاجبەسەری گرتۆتەوە. ئەگەر لە رێژیمی شایەتی دا مەجلیس و دەوڵەت و سەرۆك وەزیران، شتێکی فەرمایشی و گوێ لەمستی شابوون، لە کۆماری ئیسلامییش دا مەجلیس و دەوڵەت و سەر کۆمار، حەدیان نیە قسە لە قسەی رێبەر دابکەن. ئەگەر لە رێژیمی شایەتی دا کاری ساواك و ئەرتەش و پولیس پێش هەمووشتێك پارێزگاری لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و تێك شکاندنی هەر چەشنە بەرهەڵستێکی خەڵك لەگەڵ ئەو دیکتاتورییە بوو، ئەرتەش و سوپای پاسداران و بەسیج و دام دەزگا سەر کوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، لە سەر کوتی ناڕەزایەتیی خەڵك دژی نیزام دا بە هەزاران جار وەپێش پێشینیانی خۆیان کەوتوونەتەوە.

حاشا لەوە ناکرێ کە نێوەڕۆکی یاسای بنەڕەتیی ئێران کە لە فەزای شۆڕشگێرانە و پڕچاوەڕوانیی ساڵی ١٣٥٨ و بە دوای دەیان ساڵ خەباتی گەلانی ئێران لە پێناوی کۆمەڵێك ئامانج و بەهای بەرزو ئینسانی دا، داڕێژراو پەسند کرا، بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، هێندێك گۆڕانی ئەرێنیی تێدا پێك هات. بەڵام هێندێك دەسکەوتیش کە لە سەردەمی رێژیمی پێشوودا بە دەست هاتبوون و لە قانوونی وڵات دا دانیان پێدانرابوو، بە بیانووی ناتەبابوون لەگەڵ دینی ئیسلام، لە قانوونی ئێران سڕانەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەر ئەو گۆڕانە ئەرێنیانەش کە لە یاسای بنەڕەتیی وڵات دا بەدی دەکرێن، سێ دەیە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هێشتا بەکردەوە جێبەجێ نەکراون. هەتا ئێستاش کاندیداکانی نوێنەرایەتیی مەجلیس و پۆستی سەرۆك کۆماری، بە وادەو بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەو ئەسڵە پشتگوێخراوانەی قانوونی ئەساسی پێ دەنێتە نێو ململانێی هەڵبژاردن! ئەوەش لە حاڵێکدایە زۆرجار چالاکانی مەدەنی و رووناکبیرانی وڵات بە تاوانی کارکردن بۆ جێبەجێبوونی ئەو یاسایانە، پەروەندەیان بۆ دروست دەکرێ و رەوانەی بەندیخانە دەکرێن.

لەگەڵ ئەوەی لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، زیاتر لە رێژیمی پێشوو هەڵبژاردنی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ و، بە رواڵەت نوێنەرانی مەجلیس و سەرۆك کۆمار و ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان و تەنانەت رێبەری نیزامیش بە "هەڵبژاردن" دیاری دەکرێن، بەڵام میکانیزم و یاساو رێساکانی ئەو هەڵبژاردنانە بە جۆرێك رێکخراون کە خەڵك ناتوانن گۆڕانێکی بنەڕتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا پێك بێنن و ئیرادەی خۆیان بە سەر دەسەڵاتداران دا بسەپێنن.

دیاریی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران، هەر ئەوە نیە کە بە قانوون و بە کردەوە ئەوانی لە زۆر ماف و ئازادیی بێ ئەم لاو ئەولای خۆیان بێبەش کردوە. خەڵکی ئێران ئەگەر لە لایەکەوە لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی پێکهێنانی حیزب و رێکخراوی سیاسی، ئازادیی بەستنی کۆڕو کۆبوونەوە و زۆر ئازادیی فەردی و کۆمەڵایەتیی دیکە بێبەشن، ئەگەر بە قانوون و بە کردەوە لەگەڵ جیاوازیدانانی ئایینی، رەگەزی و نەتەوەیی بەرەو روون، ئەگەر بۆیان نیە، بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن، تەنانەت بۆیان نیە ناوی دڵخوازی خۆیان لە سەر منداڵانیان دابنێن، لە لایەکی دیکەوە دەبێ بەردەوام و راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لە گیان و ماڵی خۆیان، باجی سیاسەتە چەوتەکانی بەڕێوەبەرانی ئەو رێژیمە ببژێرن.

سیاسەتی دەرەوەی ئەو رێژیمە کە بناغەکەی لە سەر بارمتە گرتن، بۆ دەرەوەو ناردنی شۆڕش، پەرەپێدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان دا بووە، جگە لە بەفیڕۆدانی بەشێکی بەرچاو لە سامانی خەڵکی وڵات، گەمارۆی ئابووری و گەمارۆی جۆراوجۆری دیکەی ئێران لە لایەن زۆر لە وڵاتانی دنیای بەدواوە بووە کە کاریگەریی راستەوخۆیان لە سەر ئابووریی وڵات هەبووە و، دووکەڵەکەی چۆتە چاوی هاونیشتمانان. شەڕێکی هەشت ساڵە کە ئەو رێژیمە بۆ خۆی دەستی لە هەڵگیرساندن و درێژەدانیدا هەبوو، زیانێکی گیانی و ماددیی قەرەبوونەکراوی بە خەڵکی ئێران گەیاند. ئەو شەڕە درێژماوەیەش کە کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی خەباتگێڕی کورد بەڕێوەی بردوە، هەر تەنیا قوربانیی لە خەڵکی کوردستان نەستاندوە، بووە بە هۆی کوژرانی چەندین هەزار لاوی ئێرانی کە ئەو رێژیمە بۆ سەرکوتی نەتەوەی کورد رەوانەی رۆژهەڵاتی کوردستانی کردن. سیاسەتێك کە ئەو رێژیمە بە مەبەستی خۆ پڕچەك کردن و بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی هەروا درێژەی دەدا، هیچ خێرێکی بۆ خەڵکی ئێران بەدواوە نەبووە، و ئەوانی رووبەڕووی کۆمەڵێك هەڕەشە و مەترسییش کردۆتەوە.

قووڵایی کارەساتی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێراندا کاتێك باشتر دەردەکەوێ کە کارنامەی ئەو رێژیمە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو مافی مرۆڤ دا هەڵ بسەنگێنین. قوربانییانی دەستی ئەو رێژیمە هەر ئەو هەزاران مرۆڤە خەباتگێڕو بەنرخانە نین کە لە بەندیخانەکاندا ئێعدام کراون، یا لە سەر شەقامەکان بە تاوانی داوای ئازادی دراونەتە بەر دەسرێژ. بە میلیۆنان لاوی موعتاد، دەیان هەزار گیرۆدەی ئەیدز، و ئەو هەموو خەڵکەی بە فرۆشتنی گورچیلەکانیان، تەنانەت بە لەشفرۆشی ژیان دەبەنە سەر، ئەوانەی لە بەر ناهومێدی لە ژیان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، هەموویان بە قوربانییەکانی سیاسەتەکانی ئەو رێژیمە دەژمێردرێن.

لەگەڵ ئەوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی، بێجگە لە گەڕاندنەوەی وڵاتی ئێران بۆ دواوە، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ نەکەوتۆتەوە، سەرەڕای هەموو ئەو راستییانەی باسیان کرا، راپەڕینی رێبەندانی ١٣٥٧، رووداوێکی مێژوویی گرنگ بوو کە دەبێ حیزبی ئێمە، گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەکانی ئێران دەرسی لێ وەربگرن.

ئەم گۆڕانە سیاسییە لە ئێران، هەلومەرجێکی نوێی بۆ نەتەوەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان خولقاند. بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان گەشەی کرد، توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ و، بە سەربەرزییەوە لە بەرامبەر دیکتاتوری و سەرەڕۆیی دا رابوەستێ. ئەزموونی شۆڕشی ١٣٥٧، پێمان دەڵێ لە داهاتووشدا، لەگەڵ هەر گۆڕانێکی قووڵی سیاسی لە ئێران، کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا قورسایی وبایەخی خۆی دەبێ. ئەگەر یەکیەتی و هاوکاری لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەبێ و ئەوان و خەڵك بە ئامادەییەوە بە پێشوازی گۆڕان و رووداوەکان بچن، پشکی گەلی کورد لە دەسەڵاتی داهاتووی ئێران و شانسی بەدەستهێنانی مافەکانی، پتر دەبێ.

دەرسێکی هەرە گەورەی دیکەی شۆڕشی ١٣٥٧ بۆ گەلانی ئێران و رێکخراوە سیاسییەکان دەبێ ئەوەبێ کە چارەنووسی خەباتی چەند ساڵەی خۆیان و رەوتی رووداوەکان بە قەزاو قەدەر نەسپێرن. بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەزموونی شۆڕشی ١٣٥٧ دووپات نەبێتەوەو، تاقمێك هەلپەرست سواری شەپۆلەکانی شۆڕش نەبن و بە قازانجی خۆیان بە لاڕێی دا نەبەن، پێویستە هەر ئێستا لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێك بکەون و هاوکاری بە مەبەستی وەڕێخستنی خەباتێکی جیدی و بەربڵاو دەست پێ بکەن.

30 ساڵ دەسەڵاتدارەتیی رێژیمێکی توتالیتێری مەزهەبی، لەگەڵ هەموو زیان و شوێنەوارە خراپەکانی، نەیتوانیوە پێشی پێشکەوتنی فکری و گەشەی سیاسیی خەڵکی ئێران بگرێ. خەڵکی ئێران کە بە ئێسك و پێستەوە ئاکام و بەرهەمەکانی لە سەر کاربوونی دەسەڵاتێکی مەزهەبی و، حکوومەت کردن بە ناوی دین و ئایین و بێبەشی لە ماف و ئازادییە جۆراوجۆرەکانیان دیتوە، لە هەموو کات زیاتر پێشوازی لە گۆڕینی ئەو رێژیمەو، هێنانە سەرکاری نیزامێکیدێموکراتیکی سکولار دەکەن، نیزامێك کە خەڵکی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە، خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەم دەرك وتێگەیشتنە دروستەیە کە دەبێ وەك سەرمایەیەکی گەورە بۆ خەباتێکی شێلگیرو هێنانەدیی ئاواتە ناکامەکانی شۆڕشی ٢٢ی رێبەندانی ١٣٥٧، بەکار بهێنرێ.

لە ٣٠ ساڵەی سەرکەوتنی راپەڕینی ٢٢ی رێبەندان دا، سڵاو بۆ هەموو ئەو شەهیدانە دەنێرین کە لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری و لە پێناوی ئازادی دا، گیانیان بەخشی. لە سەر پێویستیی هاو خەباتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران و هێزە خەباتگێڕەکانیان پێ دا دەگرینەوە، پەیمان نوێ دەکەینەوە هەتا جێگیر بوونی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و دابین بوونی مافەکانی گەلەکەمان، لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٢ی رێبەندانی ١٣٨٧

# شۆڕشێك كە دەسەڵاتێكی نادیموكراتیكی لێ كەوتەوە

## (میزگردێك لەسەر ٣٠هەمین ساڵوەگەڕی هاتنە سەركاری خومەینیو دارودەستەكەی)

**ئاماژە:** ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوكات بوو لەگەڵ ٣٠هەمین ساڵوەگەڕی هاتنە سەركاری خومەینیو دارودەستەكەی، واتە ساڵوەگەڕی شۆڕشێكە كە لە ئاكامدا هاتنە سەركاری دەسەڵاتێكی توتالیترو نادیموكراتیكی لێكەوتەوە. لێكدانەوەو قسە كردن لەسەر سێ دەیە لە تەمەنی كۆماری ئیسلامی، بابەتێكی ئاسان نییەو بە لەبەرچاو گرتنی هەموو فاكتەرێكی نێوخۆیی، دەرەكیو... پێویستی بە خوێندنەوەیەكی قووڵەو دەبێ لە زۆر ڕەهەندەوە لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێ. ئەمەش دەرفەتو كاتی تایبەتی دەوێ. "كوردستان" لەم ژمارەدا بە بۆنەی ٣٠هەمین ساڵوەگەڕی ئەو شۆڕشەی كە ئاكامەكەی دەسەڵاتێكی نادیموكراتیكی لێكەوتەوە، میزگردێكی بە بەشداری "كەماڵ كەریمی"، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموكراتی كوردستانو "ڕامبود لوتف پووری"، ئەندامی كومیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستان پێكهێناو لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا تیشكیان خستە سەر بابەتەكە.



**كوردستان: كاك كەماڵ پێمان خۆشە یەكەم پرسیار لە جەنابتەوە دەست پێبكەین. ئەو فاكتەرانەی كە بوونە هۆی ئەوەی كە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا ڕووبدات كامانەن؟**

**كەماڵ كەریمی:** بۆ ئەوەی كە باس لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ بكرێ كە ڕەنگ بێت باس لە مەقتەعێكی چەند مانگە بكەین لە قۆناغێكی مێژوویی ئێراندا باش وایە بگەڕێینەوە دواوە، شایەد بگەڕینەوە بۆ سەردەمی هاتنە سەر كاری ڕەزا خان، ئێستا باس لەو شێوە ئیستبدادە بكەین كە خۆی ویستی ئەو مەسەلەی پێ كەمڕەنگ بكاتەوەو، كەمڕەنگیش بووەوە. ئەگەر زۆر نزیك بینەوە ڕاگەیاندنی ئینقلابی سپی شا لە ساڵی ١٣٤١دا، خۆی سەرەتایەك بوو بۆ زەق بوونەوەی ئەو كێشەو تێكەڵ بە ئایین كردنی لە لایەن بەشێك لە مەلاكانی شیعەوە كە ئایەتوڵڵا خۆمەینییش ئەو وەختە ڕێبەری بوو، ئەوە ڕەنگ بێ بڵێین نزیكترین گۆڕان بێ بۆ زەمینەسازی دەوری ئینقلابی ٥٧. بەڵام ئەوەی كە پێوەندی بە سیستمی دەوڵەتی شا لە تەمەنی ٣٧ ساڵەی خۆیدا كە نەیتوانی هیچ بكا هەر چەند زەمینەی زۆری هەبوو لەو ئیمكاناتە مادییە هەیەتی كەڵك وەربگرێ بۆ باشتركردنی ژیانی خەڵك بۆ بەرەو پێشبردنی وڵات، گەیاندنی خەڵك بە ژیانێكی ئەو سەردەمە، ئەگەر بڵێین هاوزەمان لەگەڵ ئێران زۆر وڵاتی دیكە، دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە یان شایەد دواتریش كەوتنە سەرپێوە دەستیان پێكردو زۆر پێشیان كەوتنەوە لە حاڵێكدا ئەو ئیمكاناتەو ئەو زەرفیەتە بۆ پێشكەوتن لە ئێراندا هەبوو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا نەبوو، سیستمی حكوومەتی شاو وابەستەگی سەد لە سەدی بە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی كە وای لێهاتبوو كە بەداخەوە لە خۆی سەلب كردبوو كە بتوانێ بیر لە چارەسەرە نێوخۆییەكان بكاتەوە بۆ بەرەو پێشبردنی كۆمەڵگاو بۆ باش كردنی ژیانی خەڵك. دوو عامل بەردەوام لە ژیانی خەڵكدا بەدی دەكرا. یەكەمیان: وەزعی ئابووری، كە دیارە وەزعی ئابووری گشتی باش بوو، بەڵام دەمان دیت تا ئاخرین ساڵەكانی دەسەڵاتی شاش، لە تارانی پێتەخت گەڕەكەكانی زۆر زۆر فەقیرنشین و گەڕەكەكانی زۆر دەوڵەمەندنشین دروستبوو، ئەم تەزادە لە شێوەی ژیاندا بۆ خۆی عامیلێك بوو، بۆ دروستكردنی تەزادێكی ئیجتماعی عەمیق لە نێو جامعەدا. بەداخەوە حكوومەت نەتەنیا سەرنجی نەدەدا بۆ ئەوەی كە ئەم تەزادە چەندە عەمیقە بەڵكوو زۆرجاریش بەو سیاسەتە غەڵەتانەی لەباری ئیجتماعی، لەباری ئیقتسادی و دیكەش هەمیشە كۆمەكی دەكرد بۆ زیاد كردنی ئەو فاسڵە. لە لایەكی تریشەوە نەبوونی ئازادییەكان كە لە دەیەی ٦٠ی میلادی بەو لاوە، كە بە دەیەی ئینقلابەكان دەناسراو لە زۆر وڵاتان گەلان ئازاد دەبوون. لە ئێراندا بە داخەوە سەلبی ئازادی، سەركوت، گەورە كردنەوەی زیندانەكان، چوونە سەری ژمارەی زیندانیان و ئەشكەنجە و ئیعدام تەقریبەن ببووە ئەخبارێك كە ڕەنگە لەو سەردەمەدا كەمتر ڕەسانەكان وابوون كە ئەم شتانە بەردەوام بە گوێی خەڵكدا بدەن، بەڵام لانیكەم لە نێو مەحافلی سیاسی، مەحافلی حقووقی و بەتایبەت لە دەرەوە ئەم مەسەلانە باس دەكرا. لە حەقیقەتدا سەلبی ئەم دوو حەقە لە خەڵك كە یەكیان حەقی ئازادی و یەكیان ژیانی باش بوونە دوو هۆكار بۆ ئەوەی لەو جامعەدا زەمینەی سەر هەڵدانی ئینقلابی ئاوا گەورە ساز ببێ.

**كوردستان: كاك كەماڵ بە باوەڕی جەنابت بە پێی ئەو قسانە فاكتەری نێوخۆ ڕۆڵی سەرەكیی هەبووە لە خولقانی شۆڕشی ٥٧دا؟**

**كەماڵ كەریمی:** بەڵێ بە بڕوای من ئەسڵەن ئەگەر بچینەوە ساڵانی پێشوو تەواوی ڕووداوەكانی ساڵانی پێشوو لە ئێعترازەكان و لە مقابلدا لە سەركوت كە لە لایەن دەسەڵاتی شاوە دەكرا، دەردەخا كە فاكتەری نێوخۆیی هەمیشە دەوری ئەساسی هەبوو لە زەمینەسازی دروستكردنی ئەو ئینقلابەداو ئەو سەردەمە وانەبوو كە بە ڕاستی بڵێین لە دەرەوە كەسێك بەو شیدەتە توانی بێتی بێتە ناوەوەو سازماندەیی بكا، ئەم واقعیەتەیش هەبوو كە ئەگەر ئەم زەمینە موناسبە لە نێو جامعەی ئێراندا هەبوو بۆ ئەوەی كە ئەم ئینقلابە پێ بگرێت لە دەرەوەش لە لایەك بەتایبەت گۆڕانێك لە سیاسەتەكانی ئەمریكادا بە نیسبەت شاوە پێكهات و لە لایەكی دیكەوە گۆڕانێك لە سیاسەتی ئورووپاییەكان بە نیسبەت شاوە پێكهات كە ئەو، یارمەتیی دا بۆ ئەوەی كە ئەمە زیاتر پەرە بگرێت و سەریعتر لە دەورێكی زۆر سەریعدا لە چەند مانگی ئاخری ساڵی ٥٧دا، (لە ١٧ی شەهریوەرەوە هەتا ٢٢ بەهمەن) ئێرانی گرتەوەو نەتیجەكەی ئەوە بوو كە دیتمان.

**كوردستان: كاك ڕامبود، كاك كەماڵ ئاماژەی بەو فاكتەرانە كرد كە كاریگەر بوون لە پێكهاتن یا سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، بە باوەڕی ئێوە دەتوانین هاتنە سەركاری خومەینی و ئاخوندەكان لە ساڵی ٥٧دا وەك شۆڕشێك لە قەڵەم بدەین یا لە بنەمادا فاكتەركانی بە شۆڕش ناسینی ئینقلابی ٥٧ی گەلانی ئێران لە ڕوانگەی جەنابتەوە كامانەن؟**

**ڕامبود لوتف پووری:** وڵام بە بڕوای من ئەوەی لە ئێراندا كرا ناچێتە خانەی شۆڕشێكی ڕاستەقینەوە، چونكە لە ڕاستیدا شۆڕش بەرهەمی لە ڕەوایی كەوتنە ئەم نۆرم و بایەخانەیە كە سیستمی كۆمەڵایەتی و سیاسی و بە گشتی دەسەڵاتی لە سەر دادەمەزرێ، لە هەمان كاتدا شۆڕش گۆڕانێكە بەرەو پێش. واتە گۆڕانێكی قووڵی كۆمەڵایەتی كۆمەڵێك بایەخ و نۆرمی نوێ دێنێتە ئاراوە كە پێوەرەكانی سیستمی دەسەڵاتدارێتی دەگۆڕێو دەسەڵاتی ئارایی بەرەو ڕووی قەیران دەكاتەوە. بێ گومان گۆڕانێكی بەرەو پێشیشە، چونكە دەرباز كردنی كۆمەڵگایەك لە یەكێك لە قۆناغەكانی تەكاملی كۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ قۆناغێكی سەرتر. بەڵام ئەوەی لە ڕێبەندانی ١٣٥٧دا لە ئێران ڕووی دا ، ڕاست بە پێچەوانە بوو. ئەگەر چاوێك لە ڕەوتی گۆڕانەكانی نێو كۆمەڵگەی ئێران لەو سەردەمەدا بكەین، دەبینین كە بەرەبەرە چینێكی بورژواو وردە بورژوازی شاری دروست ببوون كە پێكهاتەی فیۆداڵی كۆمەڵگەی ئێرانیان بەرەو بورژوازی پاڵ پێوە دەنا. بە تایبەت لە دوای پرۆژەی چاكسازیی ئەرزییەوە بەشی بەرهەمهێنان پەرەی ئەستاندو ڕەوتی بەرەو بورژوازی چوونی كۆمەڵگە بەهێزتر بوو. ئەم گۆڕانە كۆمەڵایەتییە كە كۆمەڵگەی ئێرانی لە كۆمەڵگایەكی نەریتییەوە بەرەو كۆمەڵگایەكی نوێ دەبرد، گۆڕانی بایەخ و نۆڕمەكانیشی لێ كەوتەوە كە پێویستیی گۆڕانی سیاسیشی هێنایە ئاراوە. دێسپۆتیزمی پاشایەتی هەڵقوڵاوی كۆمەڵگەی فیۆدالی بوو بۆیە كۆمەڵگەی تازە بورژوای ئێران ئەو سیستمەی هەرس نەدەكرد و دەبوو بگۆڕدرێ. بەڵام گۆڕان بە چ ئاراستەیەكدا؟ لەجێدا چینی تازە سەرهەڵدراوی بورژوا، وردە بورژوا و ڕۆشنبیری شاری ئارمانج و ئایدیالیان چیە و چ چاوەڕوانییەكیان لە گۆڕان هەیە؟ بێ گومان سەرەكیترین مەبەستیان ڕزگار بوون لە دێسپۆتیزمی پاشایەتی و پێكهێنانی پێكهاتەیەكی دێموكراتیك و گەشبین بە ئازادی بوو. خۆ خەڵكی ئێران لە بەر ئیسلامی نەبوونی حكوومەت شۆڕشیان نەكرد، خەڵكی لە سەرەڕۆیی دەسەڵات وەزاڵە هاتبوون و ئازادی و دێموكراسییان دەویست. لەباری فیكریشەوە توێژی ڕۆشنبیران و خوێندكاران واتە ئەو كەسانەی كە چەمكی گۆڕان و شۆڕشیان تێوریزە دەكرد و دەیانخستە پراكتیكەوە بۆخۆیان بەرهەمی مەعریفەیەكی نوێ بوون كە لە ڕۆژئاواو زانكۆوەكاندا فێری ببوون، سروشتی بوو كە خوازیاری ئازادی و دێموكراسی بن. ئەمە لە درووشم و سروودەكانی سەر زاری خەڵكدا دیار بوون. كەوابوو هەم بەپێی گۆڕانی پێكهاتەی چینایەتی كۆمەڵگەی ئێران و هەم بە پێی گۆڕانی هزری ئەو كۆمەڵگەیە، شۆڕشی ئێران دەبوو بەرهەمهێنەرێ سیستمێكی دێموكراتیك بێت. كەچی ئەوەی هاتە ئاراوە سیستمێكی ئایدۆلۆژیكی فەناتیك بوو. واتە دەسەڵاتێكی دێسپۆتیستی جێگەی خۆی دا بە دەسەڵاتێكی تۆتالیتەر.

**كوردستان: كاك كەماڵ ئاماژەی بەوە كرد كە فاكتەری نێوخۆیی كاریگەریی هەرە سەرەكی هەبووە لە سەر شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ دا، جەنابیشتان ئاماژەتان بەوە كرد كە شۆڕش لە خۆیدا بەرەوپێش چوونە، كەچی دەبینین شۆڕشی گەلانی ئێران ئاكامەكەی دەسەڵاتێكی نادێموكراتیكی لێدەكەوێتەوە، لێرە بەپێی ئەو ڕوانگەیەی كاك كەماڵ كە وتی فاكتەری نێوخۆیی كاریگەری سەرەكی هەبووە، ئەو فاكتەرە نێوخۆییە دیسان كاریگەر نەبووە لە هێنانە سەركاری ئەو دەسەڵاتە نادێموكراتیكە؟**

**ڕامبود لوتف پووری:** نە بە پێچەوانە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی كاك كەماڵ هەم كە فاكتەری نێوخۆیی كاریگەری بووە و خوازیاری شۆڕش بووە. بەڵام پێشتریش وتم پێكهاتەو ڕەوتی هزریی كۆمەڵگا ویست و داخوازییەكانی خەڵكی بە ئاراستەی ئازادیخوازی و پێكهێنانی دەسەڵاتێكی دێموكراتیكدا دەبرد. بە بڕوای من فاكتەری دەرەكی ئەو شۆڕشەی لە هێڵی خۆی خستە دەرێ و لەباری برد. لەو سەردەمەدا زلهێزەكانی دنیا بە قازانجیان نەبوو كە لە ئێراندا حكوومەتێكی دێموكراتیك بێتە كایەوە كە ڕێگە بە ململانێی دێموكراتیكی بیروبۆچوونە جیاوازەكان بدات، حكوومەتێك بێ خەڵكیتر، بایەخ بدا بە پرەنسیپەكانی دێموكراسی، پێكهاتە جیاوازەكانی وڵات بە فەرمی بناسێت و مافەكانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

ئەوان سیستمی ئەوتۆیان نەدەویست. بۆیە كاریگەر بوون لەوەیكە ئەو شۆڕشە بەلاڕێدا بچێت. دەنا خەڵك ئازادی و دێموكراسییان دەویست نەك ئەو دەسەڵاتە ئیدیۆلۆژیكە داخراوە كە بوو بە بەرهەمی ناڕەسەنی، ئەو هەموو فیداكارییەی خەڵك.

**كوردستان: كاك كەماڵ، كاك ڕامبود ئاماژەی بەوە كرد كە لە ئاكامی شۆڕشی گەلانی ئێراندا دەسەڵاتێكی توتالیترو نادێموكراتیك دێتە كایەوەو لەو پێناوەشدا زیاتر فاكتەری دەرەكی بە كاریگەر دەزانێ. پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە كە فاكتەرە دەرەكی و نێوخۆییە كاریگەرەكان لە سەر مانەوەی كۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەدا لە ڕوانگەی ئێوەوە كامانەن؟**

**كەماڵ كەریمی:** من تەوزیحێكی زیاتر لە سەر ئەو مەسەلە بدەم لە ڕاستی فاكتەری دەرەكیی زۆر تەبیعییە ئەوەی كاك ڕامبود باسی كرد كە هەوڵی كۆنترۆڵ كردنی ئەو ئینقلابەی دا ئەوەی كاك ڕامبود باسی كرد ڕاستە ئەو ئینقلابە دەبوو ببێتە هۆی هاتنە كایەی دەسەڵاتێكی دێموكراتیك كە فاكتەرە دەرەكییەكە باس دەكەین ئەوانیش تەئسیران هەبوو لە گۆڕانێك لە فكرو لە ئیدەی ئینقلابدا هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی لە جەریانی ئەم ئینقلابەدا وا نەكەن ئەو جۆرەی كۆمەڵگای ئێران دەیان ویست ئینقلاب بە ڕاستی ئازادی و گەیشتن بە ژیانێكی سەربەخۆ و گەیشتن بە دەسەڵاتێكی دێموكراتی بێتە ئاراوە دەیانویست گۆڕان پێك بێنن، بەڵام گۆڕانەكە بەو جۆرە كە خۆیان لەوێدا عامیلە دەرەكییەكە قازانجی هەبوو. بەڵام بۆ مانەوەی كە تا ئێستاش لەو سێ دەیەدا كە بگەڕێینەوە سەر عامیلە دەرەكییەكان هەر ئەوەی كە كاك ڕامبود ئیشارەی پێكرد ئەوە ڕاستە عاملی دەرەكیی هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی كە تەئسیریان هەبێ لە گۆڕانەكان ئەو جۆرەی كە بتوانن لە داهاتوودا لە پێناو بەرژەوەندییەكانی خۆیاندا بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئەو لایەنەش پێك بێنن ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیكە ئەو سیستمە چیە كە بتوانێ ئەو بەرژەوەندییەی ئەو بپارێزێ لە تەواوی ماوەدا مەسەلەن ئەگەر ئیشارە بكەین هەر لە سەرەتاوە ئینگلیسییەكان زۆر بە جیدی لەگەڵ خەتی ئەو دەسەڵاتە نوێیە بوون كە هاتبووە سەركار. ئەمریكا لەگەڵ ئەوەیكە تەواوی ڕەوابتیان قەتع ببوو و تەنانەت لە ئێران سەفارەتەكەیشیان داگیر كرا هیچ شوێنێكی ڕەسمی بە ناوی شوێنی دیپلۆماتیكی ئەمریكا نەمابوو، بەڵام دوایی دیتمان لە جەریانی عەمەلیاتی ئێران كۆنترادا لە زەمانی ڕەییس جمهوری ڕەیگاندا كۆمەكی تەسلیحاتیی بە ئێران كرد زۆر ئەخبار بڵاو دەبووەوە كە بەشێكی موەسەق بوون كە ئیسراییلییەكان لەو سەردەمەدا لە ڕێگەی توركیەو ئازەربایجانەوە كۆمەكی تەسلیحاتیان بە ئێران دەكرد. بەڵام فاكتەرە نێوخۆییەكان، كۆمەڵگەی ئێران، كۆمەڵگایەكی ڕادیكاڵ بوو لە زەمانی "شا"دا، بە ڕاستیش ئەوەی كە هاتە مەیدانەوە و ئینقلابی كرد بیری لەوە نەدەكردەوە كە سیستمێكی وا دامەزرێنێت هۆیەكی هەرە گرنگ ئەوەیكە ئەمە لە كیس چوو ئەوە بوو كە ئەو خەڵكە میلیۆنیەی كە هاتووە بۆخۆی خاوەنی سازمان و ڕێبەرێك نەبوو، لە نەبوونی ئەم ڕێكخراوو ڕێبەرەدا زۆر ئاسان كێشرا بەدوای شوعارەكانی خومەینی داو هەر بۆیە كاتێك كە ڕێفراندۆم ئەكرێ لە ئێراندا بۆ جمهوریی ئیسلامی بەڵێ یان نا تەنیا لە كوردستان كە هیچ ئەوە

←

خەڵکی کوردستان تەحریمیان کرد، بەڵام لە باقی شوێنەکانی ئێران دەبینین زۆر راحەت خەڵك رەئی بە تەسبیتی جمهوریی ئیسلامی ئێران دەدەن. وەختێک ئینتخاباتی



ڕەییس جمهوری دەکرێ دەبینین کە جیاواز لە کوردستان لە شوێنەکانی تری ئێران خەڵك زۆر بە جیدی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردوەو رەئیان بە ڕەییس جمهورەکە دا. ئەو سەردەمە کەوتینە سەردەمێك کە عەقڵی مەزهەبی بە تایبەتی لە ناوچە شیعەنشینەکاندا لە واقعدا تەئسیری راستەوخۆی لە سەر راکێشانی خەڵك بەدوای کۆماری ئیسلامی کە تازە هاتبووە سەرکار هەبوو و ئەمەش بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە ڕێگەی ئاخوندەکانەوە لە ڕێگەی مزگەوتەوە لە هەموو کوێ بومبارانی فیکری دەکرا ئەمە ڕەنگ بێ شتێکی عەجایەب نەبێ لە ئێراندا، لە هەموو کوێ وایە ئینقلابهای ئیدیۆلۆژیك یان دەسەڵاتهای ئیدیۆلۆژیك لە دوای ئینقلابێك مەعمولەن زەمینەیان بۆ خۆش دەبێ بۆ ئەوەی کە بتوانن کونتڕۆڵی ئەفکار بکەن و بۆشیان راحەت بوو کە هەر دەنگێکی ئەو سەردەمە سەرکوت بکەن هەرچەند تەقریبەن حدودی ساڵێك تەحەمولیان کرد. بەڵام لەدوای ساڵێك دیمان تەحەمولیان بە سەرچوو زەمینەسازیی ئەوەیان کردبوو کە تەنانەت تەزاهوراتهای چەند دە هەزار کەسیان سەرکوت دەکرد بە بێ ئەوەی رووبەڕووی ئێعترازێکی جیدی ببنەوە. دەورانی دەست پێکردنی شەڕی ئێران و عێراق هاتە پێشەوە. تەبیعیە مەزهەب و ئەم شتانەشی تێکەڵ دەکرێ لە راستیدا خەڵکی لەو حالەتەدا راگرت کە دیسانیش یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی کە بتوانێ ڕێژیم لە جێگەی خۆی بمێنێتەوەو ئەمجار فورسەتێکی باش بوو، ئەم ساڵانە فورسەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەیکە ئەو بەشە لە دەسەڵات بتوانێت بەتەواوی ڕێ و شوێنی خۆسەپاندنی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا خۆش بکا وای کرد کە دوایی ئێمە دەبینین لە دەیەی دوویەمی دوای ئینقلابدا یانی لە دوای هەشت ساڵی شەڕی ئێران و عێراق تەواو دەبێ سەرکوتەکان تەقریبەن بە نەتیجە گەیشتوون ئاخرین عەمەلێك کە مابوو زیندانیانی سیاسی بوو لە واقعدا هەموو شتێکیان کۆتایی پێهێنا. حەتا متوەجهی سەردەمی

چەند ساڵێک دەبین، چەند ساڵێك سکوت لە ئێراندا وە ئەمە دەردەکەوێ ئەوان لەو دە ساڵەی ئەوەڵدا توانی بوویان کولی ئەو موزاحیمەتانە لە بەین ببەن، یانی لە کاتێك کە خەڵکی ئێران وەهۆش خۆ هاتنەوە کە نە ئەو نیزامە نیە کە ئینقلابی بۆ کراو خوێنی بۆ رژاوە خەڵکی ئێران کەوتبووە مەوقعیەتێکەوە کە توانای نەفەس کێشانی نەمابوو، نە رووبەڕوو بوونەوەو ئەمە نەك بڵێن وەکو یارمەتی دەرێك بەڵکوو ئەو هۆکارەی کە دەیتوانی رووبەڕووی جمهوری ئیسلامی بێتەوە بۆ ئەوەی ئیدەکانی زەمانی ئینقلاب پێش ٥٧ زیندوو رابگرێت ئەو ئیدانە لە بەین چوون ئەو تواناییانە لەو دە ساڵەی ئەوەڵدا لە بەین چوون و لە راستیدا توانایەك نەما بۆ ئەوەی کە رووبەڕووی جمهوری ئیسلامی بێتەوە.

**کوردستان: کاك رامبود وەك دەبینین کۆماری ئیسلامی بەوەی ناسراوە کە هەمیشە بۆ مانەوەی خۆی هەوڵی داوە قەیران ساز بکا لە ناوچەکەو لە نێوخۆ و...، جەنابت ئەو قەیرانانە لە چەند ئاستدا دەبینی؟**

**رامبود لوتف پووری:** دەسەڵاتە ئیدیۆلۆژیکەکان وەك فارس دەڵێ "بحران زی"ن. واتە بەردەوام لە قەیراندا دەژین و بە کەڵك وەرگرتن لە هێندێك فاکتەری وەك تیۆریی پیلان (تئوری توطئە) بەردەوام هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە لە بارودۆخی قەیراندا رابگرن. چونکە تەنیا لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دایە کە دەتوانن پاساوی بوون و مانەوەی خۆیان بدەنەوە، تەنیا لەو بارودۆخە دایە کە دەتوانن هۆکارە سەرەکییەکانی بوون دابین و دەستەبەر بکەن. ئەم دەسەڵاتانە چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەردەوام هەلومەرجی قەیران دەخولقێنن. بۆ ئەوەی کێشەو کەم و کوڕییەکانیان بشارنەوەو کەس ئاوڕ لە رەواییان نەداتەوەو نەیانباتە ژێر پرسیار. بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاریدا لە وڵامی داوای سیاسی و ئابووریی خەڵکدا قەیرانی پیلانی ئیمپریالیزم و گرووپەکانی دژی شۆڕشی دەهێنایە ئاراوە کە گوایە ئەوانە لە هەوڵی لە نێوبردنی شۆڕشدان. بەو بیانووەوە هەرچەشنە داواکارییەکی سیاسی و جیابیرییەکیان بە پیلانی دوژمنانی شۆڕش لە قەڵەم دەداو سەرکوتیان دەکرد. کەوتنە سەرکوتی جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران، گرتن و ئیعدام و قەڵاچۆکردنی ئازادیخوازان و جیابیران کە بە ناو شۆڕشی کولتووری، نموونەی بەرهەستیەتی.

دواتر کە شەڕی ئێران و عێراق هەڵگیرسا ئەوەندەی دیکە دەرەتانی قەیرانسازییان بۆ کرایەوە. لە ئارادا بوونی شەڕو لە گۆڕێدا بوونی دوژمنی جۆراوجۆر، قەیرانێك بوو کە ڕێگەی بە هەر چەشنە سەرکوت و پاساو هێنانەوەیەك دەدا. نەبوونی ئازادی و کێشەی ئابووری لە پەراوێزی شەڕدا بوون و پێداگری لە سەریان وەك پیلانی دوژمن و خەیانەت دەژمێردرا. پاش کۆتایی هاتنی شەڕیش ئەوجارە لە ئاستی ناوچەییدا قەیرانسازی دەکات و بە زەق کردنەوەی پڕۆژەی ناردنە دەرەوەی شۆڕش دەست لە کاروباری وڵاتانی ناوچە وەردەدات و بە پێکهێنانی کۆمەڵێك گرووپی رادیکاڵی ئیسلامی و کەڵك وەرگرتن لە میکانیزمی تیرۆر قۆناغێکی نوێ لە قەیرانسازی دەست پێدەکات. هاوکات لەگەڵ ئەوە لە نێوخۆش سیاسەتی پاکتاوو تیرۆری ئازادیخوازان و جیابیران هەر بەردەوامە. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دۆسیە ئەتۆمییەکەی کردۆتە ئامرازی قەیرانسازی. بەم واتایە کۆماری ئیسلامی لە سێ ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا دەسەڵاتێکی قەیرانسازە. قەیران بەرگێکە بە سەر کەم و کوڕی و گەندەڵییەکانیدا دەکەن. لە بارودۆخێکی سەقامگرتوودا ژێرخانەکانی ڕەوایی ڕێژیم و پاساوەکانی بەتوندی دەکەونە مەترسییەوە. بۆیە بەردەوام راستەقینە بێ یا وەهمی بارودۆخی قەیران ساز دەکا.

**کوردستان: کاك کەماڵ دەبینین لە مەقابلی ئەم قەیران سازیانەی کە کۆماری ئیسلامی کردوویەتی لە ناوچەکەدا کۆمەڵێك فشار بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە بۆتەوە، لە ماوەی ئەوسێ دەیەدا. لێرە پرسیار ئەوەیە ئەو فشارە نێوخۆیی و دەرەکییانە لەو ماوەیەدا بۆ نەیاتوانیوە دەسەڵاتی تاران بگۆڕن یان گۆڕانێکی دێموکراتیك پێك بێنن؟**

**کەماڵ کەریمی:** ئەگەر باسی فشارەکان بکەین لێرە من موافقی سێ دەیە نیم چون لە باسەکەی پێشوودا عەرزم کردن لە واقیع دا ئەوان هێندێك توانیان خۆیان تەسبیت بکەن لە راستی دا ئەگەر باسی فشاری دەرەکی دەکەین ئەساسەن لە دوای ساڵی ٧٠وە دەبێ حیسابی لەسەر بکەین کە تا ساڵی ٦٧ کە شەڕی عێراق بوو لە دەرەوە زۆرتر هەوڵەکە ئەوە بوو کە ئێران رابگرن لە دوای ئەوەشدا ئیستا وەزعی دنیای دوو قوتبی هەروا مابوو بۆیە وا ئاسان نەبوو. ئەو هێزانەی دەرەوە کە بیر لەو گۆڕانانە دەکەنەوە لە دەسەڵاتە سیاسییەکاندا گۆڕان لە سەر ئەوە زۆرتر بۆیان موهیمە کە ئەو گۆڕانانە تەوازونەکان چۆن تێك دەدەن بۆ ئەوەی ئەو وەختەش بڵێین لە راستیدا فشاری دەرەکی کە پێشتریش باسم کرد زۆرتر لە دەیەی ٧٠ بەم لاوە ئەمە بە جۆرێك مەترەح دەبێ نە وەکوو فشار و ئەگەر باس بکەین شایەد لە دەورانی دوویەم باسێکی جیددی و جیددی تر بوونی لە زەمانی ئاشکرا بوونی چالاکیە ئەتۆمییەکانی ئێران دابوو ئەو دەم کە مەعلووم بوو کە ئێران خەریکی دروست کردنی تەئسیساتی ئەتۆمیە. ئەو دەم ئەو مەسەلەیە جیددیەتی پەیدا کردوبوو بە هۆی فشارێکی دیپلۆماتیك لەسەر ئێران. بەڵام بۆچی ئەو فشارە تەئسیری نەبوو ئەساسەن ئورووپا کە بەردەوام مەسەلەی ئەتۆمی زەق دەکردەوە نەیدەویست فشارێکی موتەمەرکیز لە سەر ئێران هەبێ هەتا ئەو ساڵانەی ئەخیریش زۆر بە جیددی نەهاتبووە ئەو مەیدانەوە کە هاوپەیمانەتی بکا لەگەڵ ئەمریکا یا لەگەڵ لایەنەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ ئەوی کە فشارێکی موتەرەمەکیز بۆ سەر ئێران بێنن. ئورووپاییەکان بە دوای ئەوەیکە ئەمریکا دەستی لە ئێران کورت بووە بازاڕێکی مفتیان دەست کەوتبوو کە بە دەست ئەمریکاوە بوو. بۆیە ئەوان بەردەوام هەوڵیان دەدا ئەو مەسەلەیە چکۆلە بکەنەوە بۆیە لەگەڵ مەترەح بوونی هەر مەسەلەیەك سەبارەت بە فشار هێنان بۆ ئێراندا ئورووپاییەکان هەمیشە هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی کە هێندێك وەزعیەتەکە ئارام بکەنەوە بیکێشنە ئاستێکی دیپلۆماتیکەوە. زۆرجار وابووە ڕەنگ بێ زۆر لە موفەسیران چاوەڕوانی ئەوە بوربن کە بڕیارێکی توند دژی ئێران دەدرێ، بەڵام دیومانە کە ئورووپاییەکان تەئسیریان لە سەر داناوە. دیارە زیرەکی خودی ئێرانیەکانیش لە پەنای ئەوەدا تەئسیری هەبووە، ئەم فشارانەی کەم کردۆتەوە شاید خونسا نەبووبێتەوە بەڵام کەم بۆتەوە. بەڵام لە دوو ساڵی ئەخیردا بە تایبەتی ئەگەر بڵێین ئەم فشارانە دەبینرێت و شایەد بڵێین لە دوای رووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن لە عێراق و هاتنی ئەمریکا بە شێوەی فەعالتر، لاوازبوونی هێزەکانی لە عێراق ئورووپاییەکان شایەد گۆڕانێکیان بە سەردا هاتبێ و لە ئەمریکاییەکان زۆر نزیك بوونەوە. بۆیە نەختێك هەوڵیان دا هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا بکەن، بەڵام ئەوەی کە کاك رامبود بە دروستی ئیشارەی پێ کرد بەداخەوە فشارەکانی دەرەوە نە لە سەر ئەوەیە کە گۆڕانێك لە نێوخۆی ئێران دا پێك بێنن. ئەوان تەنیا ئەو فشارەیان بۆ سەر جمهوری ئیسلامی ئەوەیە کە کێشەی ئەتۆمییەکەی چارەسەر بکا بۆ ئەوەیکە ئەوان بتوانن لە دنیایەکی ئەمنتردا خەریکی کارو بازرگانیی خۆیان بن لەگەڵ جمهوریی ئیسلامی.

دیارە لە نێوخۆ دا فشارەکان راستە نەیانتوانیوە تەئسیری کاریگەریان هەبێ لە سەر گۆڕانی یا بە قەول خۆش کردنی زەمینەی گۆڕان لە دەسەڵات دا چونکە لانی کەم لە یازدە، دوازدە ساڵی رابردوودا مەوجی ئیعترازاتمان دیوە لە ئوستان و شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بە تایبەت تاران وەکوو پایتەخت ئەم فشارانە بەردەوام بووە. هەرچەند راستییەکەی ئەوەیە کە ڕەنگە ئێستا لە توانای خەڵکی ئێراندا نەبێ کە بتوانێ بۆ خۆی ببێتە هێزێکی کاریگەر بۆ پێك هێنانی ئاڵ و گۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسی دا. بەتایبەتی دەزانین جمهوریی ئیسلامی بە هۆی زەربە لێدانێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیون، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ناسراو بوو لە ئێران بۆ ڕێبەری کردنی هەر حەرەکەتێکی سیاسی لەم وڵاتەدا ئەو ئۆپۆزیسیونەی زۆر لاواز کردوە. پێویستە ئیشارە بکەم بەوەیکە یەکێك لە تەرفەندەکانی جمهوری ئیسلامی تیرۆری ڕێبەرانی میللی ئێران بوو وەك شاپووری بەختیار، د. قاسملوو کە بە بڕوای من زۆر جار باس دەکرێ کە دوکتور. قاسملوو، بۆ تۆڵە کردنەوە شەهید کرا بۆ زەربەلێدان لە بزووتنەوەی کورد. لە حاڵێکدا بە دوای لێدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سیاسی ئێران، قاسملووش یەکێك لەو کەسانە بوو کە دەیتوانی دەوری ئەوان بگێڕێ لە ئینقلابی سیاسیی ئێراندا. ڕێژیم بەو



جۆرەیە هەوڵی دا کە پردەکانی نێوان نەسلی رابردوو لەگەڵ نەسلەکانی داهاتوو برووخێنێ. بە لێدانی ئەو کەسایەتییانە ئەم پردانە قەتع بوون. ئەوە بۆ خۆی بێ تەئسیر نەبوو و هەتا ئێستاش تەئسیراتی بە جێهشتووە. ئەوەیکە ئەو خەڵکە بەردەوام لە حەرەکەت دایە، لە ئیعتراز دایەو ئیعترازەکان ڕۆژانە دەبینرێت و ئێستا نەیتوانیوە خۆی سازمان بداو ببێتەوە ساحیبی ئەو ڕێبەرەی کە بتوانێ حەرەکەتێکی جیددی بکا دژی جمهوری ئیسلامی بۆ پێك هێنانی ئاڵ و گۆڕ لە حکوومەت دا بە گشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ.

**کوردستان: وەك دوایین پرسیار بە باوەڕی جەنابت ئایا لەوڕۆدا دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی رەوایی هەیە یان نا؟**

**رامبود لوتف پووری:** ڕەوایی ژێرخانی ئۆتۆریتەیە، ئۆتۆریتەش دەسەڵات دەستەبەر دەکات، ئەگەر حکوومەتێك ڕەوایی خۆی لە دەست دا واتە ئۆتۆریتەی نامێنێ و بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی ناچارە هانا بۆ میکانیزمی سەرکوت و توندوتیژی بەرێ. بەڵام با چاوێك بە مێژووی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە تا ئێستا بخشێنن. بە پێی دابەشکارییەکەی مارکس ڤیبەر لە جۆرەکانی ڕەوایی و ژێدەرەکانی ئۆتۆریتە کە سێ جۆری کاریزمایی، نەریتی و یاسایی یا دێموکراتیك دەست نیشان دەکات. دەتوانین مێژووی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا بە سەر چوار قۆناغدا دابەش بکەین. یەکەم لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوەیە تا مردنی خومەینی. لەو سەردەمەدا حکوومەت ڕەوایی خۆی لە کەسایەتیی کاریزماتیکی خومەینییەوە وەردەگرێ، واتە قسەو بڕیارەکانی خومەینی ڕەوایی بە هەر هەڵوێست و سیاسەتێکی حکوومەت دەبەخشێ. لانیکەم لە نێو زۆرینەی شیعەی ئێرانیدا ئەم ئۆتۆریتەیە زاڵە. سەرەڕای هەبوونی ناڕەزایەتیی و هێندێك ململانێی سیاسیی لە ئێراندا بەڵام حکوومەت بەرەو رووی قەیرانێکی جیددی ڕەوایی نەبووەوە. قۆناغی دوویەم لە دوای مردنی خومەینییەوە دەست پێدەکات، لەم قۆناغەدا ئەو ئۆلیگارشییە ئاخوندییەی لە دەوری خومەینی بوون دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن، بەڵام هیچیان خاوەنی ئەو کەسایەتییە کاریزماتیکەی خومەینی نەبوون بۆیە بە زەق کردنەوەی هێندێك نەریتی پیرۆزی وەك بنەماکانی ئایین و پرەنسیپەکانی شۆڕش و بە پشت بەستن بە هێندێك لە چین و توێژە نەریتییەکانی کۆمەڵگە وەك مەلاکان و بازاڕییەکان ڕەواییەکی نەریتییان بۆ دەسەڵاتەکەیان دابین کرد. ئەو ئۆلیگارشییە زیاتر لە سیمای شوڕای نیگەهباندا بەرجەستە دەبێتەوە. قۆناغی سێیەم لە جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوییەوە دەست پێدەکات کە ڕیفۆرمیستانی دەوڵەتی بە زەق کردنەوەی ئەو دەگمەن بنەما دێموکراتیانەی یاسای بنەڕەتی ئێران و هەڵگرتنی دروشمی یاساسەروەری ڕەواییەکی یاسایی و دێموکراتیك بۆ دەسەڵات دابین دەکەن بەڵام ئەم هەوڵە بە دوو هۆ سەر نەکەوت. یەکەم پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و تاکەکانی نێو ئەو دەسەڵاتە هەڵگری کاراکتەری پێویست بۆ گۆڕان و دابین بوونی ئەو ڕەواییە نەبوون، دوویەم خودی یاسای بنەڕەتیی ئێران ئەوەندەی بنەمای نادێموکراتیك تێدایە کە بە سانایی بنەما دێموکراتیکەکانی پێ ناکاریگەر دەکرێ. ئاکامی ئەم سەرنەکەوتنە قۆناغی چوارەمی لێدەکەوێتەوە کە ڕێژیم بە تەواوەتی دەخاتە بەردەم قەیرانی ڕەوایی و ئۆتۆریتەوە، ئێستا دەسەڵاتی ئێران لەم قۆناغە دایە، بایەخ و ڕەوایی نۆرمەکانی ڕەواییان نەماوەو بە گشتی پاساوێکی ئەوتۆی ڕەوای بۆ بەردەوامیی خۆی نەماوەو بە تەواوەتی هانای بۆ میکانیزمی سەرکوت و تۆقاندن و گوشار بردوە. بۆیە دەتوانم بڵێم لە کاتی ئێستادا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەوایی خۆی دۆڕاندووەو لەو بابەتەوە تووشی قەیرانێکی جیددی هاتووە.

# ١٥ی فێوریە، دەستخۆشانەی گەرمی تورکیە لە ئیسراییل

ئارام

مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد زۆر جار بینەری ساتوسەوادی زلهێزەکان بووەو زۆر جار خوێنی ڕێبەرانی بلیمەت و هەڵکەوتووی گەلەکەمان بۆتە دەست مایەی مامەڵەی ئابووریی ئەوان و دوژمنانی نەتەوەی کورد، ئەمەش تەنیا بە بەشێکی کوردستانی نەوەستاوە، شەهیدانی ڤییەن و بێرلین یەکەم قوربانیانی ئەو مامەڵەیە بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. بەڵام ١٠ساڵ لە مەوبەر سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لەپیلانێکی نێودەوڵەتی دا لە لایەن دەزگا سیخورییەکانی موسادو(CIA) لە کنیا رفێندراو رادەستی بەرپرسانی تورکیە کرا تا ڕەوانەی ئیمرالی بکرێ. ١٥ی فێوریەی ئەمساڵ هاوکات بووە لەگەڵ کۆمەڵێك ڕووداوی گرینگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە نموونەی هەرە بەرچاویان شەڕی نێوان ئیسراییل و گرووپی حەماسە. بەڵام ئەوەی مەسەلەکە دوای نزیك بە ١٠ساڵ لێك گرێدەداتەوە هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیە و پارتی دەسەڵاتداری (AKP) یە لەو وڵاتە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ٢٢ ڕۆژەی کەرتی غەززە پشتیوانی خۆیان لە حەماس وەك نوێنەری هەڵبژێراوی گەلی فەلەستین دەربڕی و لە کردەوەش دا بە ڕێکخستنی ڕێپێوانی پرۆتێستۆی شەڕ لە شارەکانی تورکیە دژ بە ئیسراییل و پڕوپاگەندەی لایەنگرانی لە حەماس لە میدیاکانی تورکیە ئەمەی سەلماند، قووڵ بوونی مەسەلەکە کاتێ بەڕوونی خۆی دەرخست کە لە کۆڕی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس دۆستانی دوێنێ لێك هەڵگەڕانەوەو دەمەقاڵەی ئەردۆغان و شیمۆن پرێز وای کرد تا ئەردۆغان دانیشتنەکە جێ بێڵێ و تەنانەت دوای گەڕانەوە بۆ تورکیە لە فرۆکەخانە پلاکاردی " تۆ بە تەنیا نی" یان بۆ بەرز کردەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئیسراییل هەموو کات وەك هاوپەیمانێکی جێگەی بڕوا سەیری تورکیەی بەناو سێکۆلار و دێموکراتی کردووەو جگە لە بواری دیپلۆماسی و سیخوڕی لە ئاستی سەربازییش دا یارمەتیی بەرچاوی تورکیە کردووە و لە سەرکوتی گەلی کورد لە باکوور هەموو کات خۆی وەك هاوپەیمانێك بۆ تورکیە نواندووە کە دەتوانین وەك نموونەی پیلانی ١٥ی فێوریە کە گیرانی سەرۆکی (PKK) ی لێکەوتەوە وەبیر بێنیتەوە کە لابی جوولەکە ڕۆڵی سەرەکی لەو پیلانەدا گێڕا. تەنانەت داویین ڕێککەوتننامەی واژۆکراوی نێوان تورکیە و ئیسراییل لە بارەی فرۆکە سیخوڕییەکانی ئیسراییلی سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن

مەسەلەیەکی کە لە و نێوەدا نابێ لەبیر بکرێ ئەوەیە کە PKK یەکێک لە دەگمەن حیزبە کوردستانییەکان بووە کە پیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ڕێکخراوەکانی دژبەری دەوڵەتی ئیسراییل وەك حیزبوڵا و حەماس و هەبووە، لە ساڵی ١٩٨٢ PKK لە باشووری لوبنان لەگەڵ ئەرتەشی ئیسراییل شەڕ دەکاو ١١ گەریلا دەکوژرێن و ١١ گەریلای دیکەی ئەو ڕێکخراوە بە دیل دەگیرێن، ئەو کۆمەڵە شتە وا دەکەن کە لە نێو هاوکێشەکەدا تورکیەو ئیسراییل وەك هاوپەیمان یەکتر بدۆزنەوە. بەڵام AKP یەك کە لە قەندیلەوە تا کەرتی غەززە نوقمی پارادۆکسی گوتاری و کردەییە، لە بارۆخێکدا پشتیوانی لە گەلی فەلەستین و ڕێکخراوی تیرۆریستیی حەماس دەکاو هێرشەکانی ئیسراییل بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەو ڕێکخراوەیە ( کە گشتیان لە نێوشارەکانی غەززە و خان یونس دا هەڵکەوتوون و هەرئەوەش بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی هەزاران کەسی مەدەنی کە ئەوەش نابەرپرسیارەتیی حەماس لە هەمبەر خەڵکی کەرتی غەززە دەردەخا) شەرمەزار دەکا کە خۆی بەردەوامە لە سەرکوتی بزاڤی مەدەنییانەی کوردەکانی باکوور و هەروەها بوردمان کردنی ئەو دەڤەرانەی بناری قەندیل کە خەڵکێکی هەژارو بێدەرەتانی لێ دەژی و بۆتە هۆی زیان گەیشتن بە خەڵکی ئەو ناوچەیە و ئاوارەیی سەدان کوردی نیشتەجێی گوندەکانی ئەو دەڤەرە. سەردانی سەرۆکی کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوەو تەناهیی نەتەوەیی سەر بە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بۆ تورکیەو ڕازیبوونی ئێران لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی AKP لەمەڕ شەڕی غەززە و کێشەی نێوان ئیسراییل و حەماس و هەروەها لێدوانەکەی پەرویز داودی جێگری سەرۆك کۆماری ئێران لەکاتی پێشوازی لە باڵوێزی تورکیە لە تاران کە باس لە هاوسەنگی نوێ و گۆڕانگاری بنەڕەتی لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیەو ئێران لە دوای ڕووداوی غەززە دەکا خاڵێکی جێگەی سەرنجە کە ئەو دوو ( دایەی مهربانتر از مادر) کە خەمی منداڵە چاوگەشەکانی کەرتی غەززە دەخۆن چۆن پەڵەی تاوانە سامناکەکانی خۆیان لە کوردستان دەسڕنەوە.

ئەمانە بەتایبەت (AKP) هەوڵیان داوە نێوەڕۆکی ئاینی مەسەلەکە شاراوە بمێنێتەوە ولایەنێکی مرۆیی بە هاوکارییەکان ببەخشن بەڵام دنیای دەرەوەش لەو شانۆگەرییەی دەوڵەتی ئیسلامگەرای (AKP) تێدەگا. چەند ساڵ لە مەوبەر دوابەدوای سەردانی شاندێکی پایەبەرزی گرووپی حەماس بۆ ئانکارا و پێشوازی کردنیان لە لایەن کاربەدەستانی تورك، لە لێدوانێك دا بەرپرسێکی ئیسراییلی وتبووی ئەگەر ئیسراییل ئۆجەلانی بانگێشتی تێل ئاویوکردبایە، هەڵویستی تورکیەچی دەبوو؟ هەر چۆن پرێز لە دەمەقاڵەکەی لەگەڵ ئەردۆغان وتبووی ئەگەر هەموو شەوێك ئیستانبۆل درابایە بەرهێرشی مووشەك هەڵوێستی ئێوەچی دەبوو؟

پێم وایە تورکیە بەرەبەرە بە کەم ڕەنگ بوونەوەی ڕۆڵی لە گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوین جگە لەوە کە دەستەوداوێنی هێندێك کێشەی گەورەی وەك دۆزی کوردو مەسەلەی قیبرێسە، ئیتر ئەو هاوپەیمانە گرینگ و ئیستراتێژیکەی ڕۆژئاوا نیەو دوور نیە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئالتێرناتیڤێکی نوێ وەك کورد شوێنی بگرێتەوە، تورکیەش لەو نێوەدا بە خۆنزیك کردنەوە لە ئێران و گرتنەبەری هێندێك هەڵوێستی چاوەڕوان نەکراو لە هەوڵی وەرگرتنی کۆمەڵێك ئیمتیاز دایە کە دەیەوێ شوێن پێی خۆی وەك هاوپەیمانێکی ڕۆژئاواو ئەندامێکی ناتۆ قایم بکاو سەنگی خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا بسەلمێنێ و وەك ئەهرومی گوشارێك بۆ ئەندامێتی لە نێو یەکێتی ئورووپا کەڵکیان لێ وەربگرێ، کە وەك نموونەی ئەو هەوڵانەی تورکیە دەتوانین ئاماژە بە ڕێگا نەدانی تورکیە بەهێزەکانی ئامریکایی لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق بکەین کە ئیزنی نەدا




ئامریکا لە وڵاتەکەیان لە هێرش بۆ سەر ڕژێمی بەعس کەڵك وەربگرێ. لە حاڵێکدا ئامریکا لە وڵاتی تورکیەدا خاوەن پێگەیەکی گەورەی سەربازی وەك ئەنجێرلیکە، یا ئەو هەڵوێستانەی دوایی تورکیە لەهەمبەر شەڕی غەززە کە تورکیە وەك دژبەرێکی دەوڵەتی ئیسراییل خۆی دەرخست و لە بەرەی دژی ئیسراییل لەگەڵ ئێران خۆی دیتەوە.(بەڵنیاییەوە دەردی هاوبەشی نێوان ئێران و تورکیە واتە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان و هەروەها بوونی دەوڵەتێکی کوردی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و ئیسراییل لە باشووری کوردستان یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی نزیك بوونەوە و هاوکاری لە ڕادەبەدەری ئەو دوو وڵاتەیە.) ئەو هەڵوێستانەی AKP لە بەرەبەرەی دەهەمین ساڵوەگەڕی پیلانی ١٥ ی فێوریە، دەست خۆشانەیەکی گەرم و گوڕی تورکیە بوو بۆ جیهانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەو ئیسراییلەی کە ڕۆڵی گرینگ و سەرەکی هەبوو لە دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

---

راگەیەندراو:

## بە بۆنەی کۆچی دوایی مامە قالەی دەبباغییەوە

بەرەبەیانی هەینی ٦ی فێوریەی ٢٠٠٩ (١٨ ڕێبەندانی ١٣٨٧) مامۆستا عەبدولقادری دەبباغی ناسراو بە "مامە قالەی دەبباغی"، پاش چەند مانگ نەخۆشی، ( لە وڵاتی بریتانیا) کۆچی دوایی کرد.

مامە قالە دەبباغی لە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە، ڕێبازی کوردایەتی و خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەکەی هەڵبژارد. یەکێك لەو لاوە وریاو بەهەڵسوکەوتانە بوو کە بە شانازییەوە ئەندامەتیی کۆمەڵەی ژێکافی قبوول کردو لە پێناوی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێکاف دا لە سەقزو بۆکان، بە دڵسۆزییەوە تێکۆشا. کاتێك ئاواتی پیرۆزی میلیۆنان کوردی تینووی ئازادی هاتە دی و کۆماری کورستان دامەزرا، عەبدولقادری دەبباغی بە گوڕتر لە پێشوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان تێکۆشا.

کاتێکیش جمهوری کوردستان جوانەمەرگ بوو و پێشەوای سەرکۆمارو هەڤاڵانی شەهیدکران، عەبدولقادری دەبباغی بەڵێنی دا، خۆشەویستیی پێشەوای شەهیدو ئەوینی ئاڵای کوردستان و ئامانجەکانی کۆماری جوانەمەرگ، لەبیر نەکاو هەتا مردن پێیان وەفادار بمێنێتەوە، عەبدولقادری دەبباغی لە پێناوی خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان دا، ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی خۆی لە بەندیخانەو ژیانی نهێنی و دەربەدەری دا بردە سەر.

عەبدولقادری دەبباغی بە درێژایی تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتی، لە تێکۆشان و هەوڵدان دژی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا نەوەستاو لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانەو ئازادیخوازانە درێغی نەکرد.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، مامە قالە ئەگەرچی پێی نابووە نێو قۆناغی پیری و بەساڵاچوویی، بەڵام شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانی کوردستان شاخ و چیاو دۆڵ و ئەشکەوتەکانی نیشتمانەکەی بۆ ژیان هەڵبژارد.

مامە قالە کە نووسەر، وەرگێڕو ئەدیبێکی بەتوانا بوو، بیرو قەڵەمی خۆی خستبووە کار بۆ هاندانی لاوانی کوردستان، بۆ لەقاودانی پیلان و ئاواتەکانی کۆماری ئیسلامی و، تیشك خستنە سەر مێژووی کۆمەڵەی ژێکاف، جمهوری کوردستان و قۆناغەکانی خەباتی حیزبە خۆشەویستەکەی.

لە دەیەی ٩٠ی زایینی دا، مامە قالەی دەبباغی، وەك پەنابەر لە وڵاتی بریتانیا گیرسایەوە. لە دەرەوەی وڵاتیش مامە قالە لە کاری فەرهەنگی، نووسین لە سەر مێژوو و پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان غافڵ نەبوو.

مامۆستا قادر دەبباغی سیمایەکی ناسراو، کەسایەتییەکی فەرهەنگی و خەباتگێڕو نموونەیەکی بەرزی وەفاداری بە نەتەوە نیشتمانەکەی بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێزەوە یادی رابردووی ئەو مرۆڤە دڵسۆزو تێکۆشەرە دەکاتەوەو، بە بۆنەی کۆچی دوایی ناوبراو، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، خەڵکی سەقزو سەرانسەری کوردستان دەکا.

نەمری بۆ یادو ناوی مامە قالەی دەبباغی و سەرکەوتن بۆ ئەو ڕێگاو ڕێبازەی کە نزیك بە ٧٠ ساڵ ئەو مرۆڤە خزمەتی پێ کرد.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی راگەیاندن
١٣٨٧/١١/١٨
٢٠٠٩/٢/٦

# ئایا تورکیە هاوکاریی ناسیونالیزمی زازا دەکا بە مەبەستی کەرتکردنی کوردەکان؟ ( * )

ولادمیر وان ویلن بێرگ
لە ئینگلیزیەوە: خالیدی حاجی ئەحمەد

**زۆرێك لە تورکە ناسیۆنالیستەکان پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکەن کە (زازا) کورد نین. ئەوانە پێیان وایە ئەو بیرۆکەیە پرۆسەی تواندنەوەی کورد خێرا دەکاو لایەنگیریتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان کەم دەکاتەوە.**

هەتا ماوەیەکیش لەمەوبەر، ئەو کەسانەی بە زمانی زازا قسە دەکەن، بە بەشێکی دانەبڕاو لە کورد لە قەڵەم ئەدران، کە بە سەر تورکیە، ئێران، عێراق و سوریەدا بڵاوبوونەتەوە.

لە ١٩٨٠کاندا، دروست کردنی ئەلفبایەکی لاتینیی گونجاو بە زمانی زازا بڵاوکرایەوە، بووە هۆی گەشەسەندنی جۆرێك لە ناسیونالیزمی زازایی کە هێندێك لە کوردەکان وەك دەستێکی هەواڵگرییە تورکییەکان ئاماژەی پێ دەکەن. وەك مەبەستێك بۆ پارچە پارچەکردنی کوردەکان و لاوازکردنی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

ناسیۆنالیزمی زازایی هێشتا لای هێندێك لە زازاکانەوە کە خۆیان بە کورد دەزانن، دژایەتی دەکرێ. ناسیۆنالیزمی زازایی گرنگی بە دیالێکتی زازایی و ئەو زازاکیە رەسەنانە ئەدا کە لە تورکیە دان. هێندێ لە ناسیۆنالیستە زازاییەکانیش نیشتمانێکی سەربەخۆی زازاییان دەوێ لە تورکیەدا کە پێی دەڵێن (زازایستان) کە بێ گومان لایەنگری لە پەکەکە لە ناو قسەکەران بە دیالێکتی زازاییدا کەم دەکاتەوە.

زازا (کە ژمارەیان دەوەستێتە سەر ئەوەی تا چەند باوەڕمان بە رەگەزو پێناسەی زمانەوانیان هەبێ، رەنگە لە ملیۆنێکەوە تا سێ ملیۆن بن) دابەش بوون بە سەر موسوڵمانی سوننی و عەلەوییدا. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوانەی بە زازایی قسە دەکەن بە کورد دادەنرێن و زازاییش لای ناسیۆنالیستە کوردەکان و زۆر لە زازاکانیش بە بەشێك لە زمانی کوردی دەزانرێ. ناسیۆنالیستە زازاییەکانیش دەڵێن کە ئەوان خەڵکێکی سەربەخۆن، بە هۆی لێك تێنەگەیشتنی ئەوانەی بە زازایی قسە دەکەن و ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن، کە نزیکەی ٨٠٪ رەگەزی کورد دەگرێتەوە. هێندێ زمانناسیش پێیان وایە زازایی نزیکایەتیی لەگەڵ زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا نیە. هەر چۆنێك بێ کەسایەتیی رەگەزی لە لایەن فاکتەرە نێوخۆییەکانیشەوە هەروەك فاکتەرە دەرەکییەکانی وەك رەگەزو زمان، کاری لێ دەکرێ.

ناسنامەی رەگەزی بە شێوازێکی گشتی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییەو دەکرێ سیاسەتی دەوڵەت کاریگەرییەکی زۆری لە سەر هەبێ.

ناسیۆنالیزمی زازایی لە سەرەتادا لە ئورووپاو لە نێو کۆچبەرە زازاییەکاندا دەرکەوت، ئەو کاتەی کە جیاوازی زازایی و کرمانجی، بە هۆی ئەتمۆسفێرێکی ئازادەوە، زیاتر بەدەرکەوت. لە ئورووپا، کۆچبەرانی تورکیە ناچار بە فێربوونی زمانی تورکی نەدەکران، بەڵکوو دەیانتوانی زازایی یان کرمانجی وەك زمانی دایك هەڵبژێرن. کە ئەویش بووە هۆکارێکی دروست بوونی ناسیۆنالیزمی زازایی. هۆکارێکی تریش بەرهەڵستی کردنی هێندێك ناسیۆنالیستی کورد بوو.

تا ئێستا ناسیۆنالیزمی زازایی زۆرتر بابەتی سیاسییەکانی تاراوگەیەو دیاردەیەکی سنووردارە. بەڵام کاریگەریشی لە سەر گفتوگۆی ناسنامە رەگەزییەکانی نێو تورکیەدا هەیە.

گفتوگۆکانی ئەم دواییانە سەبارەت "خوێندن بە زمانی دایك" لە تورکیەدا و سیاسەتی حیزبی دادو گەشەپێدان بۆ کردنەوەی کاناڵێك بە زمانی کوردی، رەنگ ناکۆکییەکانی نێوان زازایی و کرمانجەکان بەهێزتر بکا. "تی.ئار.تی.٦" تەنیا بە کرمانجی بەرنامەی هەیە. بەڵام پلانیش هەیە کە بە دیالێکتەکانی زازا و سۆرانیش بەرنامەی هەبێ. ئەویش لە لایەن زۆر لە زازاکانەوە پێشوازی لێ دەکرێ.لە بازنەیەکی گفتوگۆی ئینتێرنێتی دا، ناسیۆنالیستە زازاکان ئەوەیان دەربڕیوە، کە ئەوان کاناڵێکی سەربەخۆی زازاییان دەوێ، نەك کاناڵێکی کوردیی کرمانجی.

مارتن فان برۆنسنی ئەنترۆپۆلۆژیست، باس لە بەربڵاوی بیرۆکەی "کودەتا" دەکا لە نێو کوردەکاندا، کە ناسیۆنالیزمی زازایی بە دەستێکی دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیە دەزانن. پێ دەچێت ئەو بۆچوونەی ناسیۆنالیستە کوردەکان بێ بناغە نەبێ. لە راستیدا، زۆرێك لە تورکە ناسیۆنالیستەکان پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکەن کە زازا کورد نین. ئەوانە پێیان وایە ئەو بیرۆکەیە پرۆسەی تواندنەوەی کورد خێرا دەکاو لایەنگیرێتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان کەم دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٦دا رێکخراوی دێموکراسی تورکی (کە دامەزراوەیەکی نادەوڵەتییەو گرنگی ئەدات بە پێکهاتنی دێموکراسی سەقامگیر لە تورکیەدا) نامیلکەیەکی بچووکی دەرکرد، کە رەخنە لە بۆچوونی ناسیۆنالیستانەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەگرێ، و بیرۆکەکەی خۆیان لەوەدا چڕ دەکەنەوە کە کوردەکان سروشتێکی نایەکدەستیان هەیەو بە تایبەتیش کە هێندێ زازا، خۆیان بە کورد نازانن. نامیلکەکە ئەوە پێشنیار دەکا، کە باشترە کوردەکان بەشێك بن لە دێموکراسیی تورکیە، تا ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی ناچون یەکدا گیر بخۆن بە دەست توندوتیژی هۆزگەرییەوەو بیروباوەڕی عەشایری زاڵ بێ بە سەریاندا.

بەڵام حەزو ئارەزووی تورك لە نایەکدەستی کولتووری کوردیدا تەمەنی لەوە درێژترە، ناسیۆنالیستی تورك حەسەن رەشید تانکوت لە ساڵی ١٩٦١دا پێشنیاری کردنەوەی دەروازەیەکی کردوە بۆ زازاو کرمانجەکان، تا باشتر جێ بگرن لە کولتووری تورکیدا. هێندێك نووسەری تورکیش زازایان وەك گرووپێکی رەگەزیی سەربەخۆ خستۆتە روو کە جیاوازن لە کورد.

هێندێك لە کوردەکان باس لە پێوەندی نێوان دامەزرێنەری ناسیونالیزمی زازا، ئەبووبەکر پەموکچو (لە ساڵی ١٩٩٣دا مردوە) و دەزگا نهێنگرە تورکییەکان دەکەن و پەموکچو بە هەوڵدان بە دابەش کردنی نەتەوەی کورد تاوانبار دەکەن.

بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی زازا لە لایەن تورکەکانەوە پێشوازیی لێ دەکراو لە لایەن چەندین بازنەی نهێنگری تورکیەوە یارمەتیی دارایی پێدەبەخشرا. لەو کاتەوە پەموکچو بە هەبوونی پێوەندی بە دەزگاکانی تورکیەوە تاوانبار دەکرا. بەڵام دیسان کوردەکان دەزگایەکی چاپەمەنی زازایان لە تورکیەدا بەوە تاوانبار دەکرد کە لە لایەن تورکەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

لە وتووێژێکدا بۆ کورد میدیا ـ ناسیۆنالیستیی کوردو زازاناس ـ مالمیسانژ دەڵێ: ناوی ئەو دەزگای بڵاوکردنەوەیە (زازایستان) خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی زازایی بوو کە بەشێك بوو لە دەزگای نهێنگریی تورکی بۆ پەلاماردانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. دیسان دەڵێ: ئەو دەرئەنجامەی من پێی گەیشتووم ئەوەیە ( گرووپی ناسیۆنالیزمی زازا) گرووپێکن لە نێو دەوڵەتدا، بە واتایەکی دروستتر پێگەیان گرووپێکە هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەتدا (کوردیش میدیا ٦ ئۆکتۆبری ٢٠٠٣).

هەروەها عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەوە دەرئەبڕێ کە رێکخراوی نهێنگریی نەتەوەیی تورکیە ـ (میت) لە پشت گەورەکردنی چالاکییە سیاسی و کولتوورییەکانی زازا دان لە تورکیەدا (میت لە پشت ئەم کارەوەیەو مەبەستیشیان راوەستاندنی گەشەی هەستی نەتەوەیی کوردە).

لە لایەنی ئەتمۆسفێری سیاسیشەوە ئاماژە بەوە دەکرێ کە کەسایەتیی زازا زیاتر لای لێ بکرێتەوە. حیزبی بزووتنەوەی ناسیونالیستی تورکیmhp هیچ کاتێك زمانی کوردی لە لێدوانە سیاسییەکاندا بەکارناهێنێن، بەڵام عەبدوڵڵا ئەرزاقچی ئەندامی ئەو حیزبە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا و لە لێدوانێکی سرنجڕاکێشدا بە زمانی کوردی وتی: من زازام، من کوردم و هیچ کێشەیەکی کوردیش لە کایەدا نیە. ـ( زەمان ١٠ی مایسی ٢٠٠٦).

ئەرزاقچی دەیویست بڵێ کە چیتر کێشە نیە لە تورکیەدا، ئەگەر کەسێك خۆی بە کورد یان زازا بزانێ. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا دەزگای راپرسی (کۆندا)، هەنگاوێکی گەورەی هاویشت لە جیاوازیکردنی رەگەزیدا لە نێوان زازاو کورددا. پێشتریش گرووپێکی بیروڕا گۆڕینەوەی ناسیۆنالیستی تورکیش راپۆرتێکی لەسەر زاز ـ کورد بڵاو کردبۆوە. ئێستاش زۆر رۆژنامەو چاپەمەنی ئینتێرنێتی تورك هەن کە زازا بە کورد لە قەڵەم نادەن، نموونەیەك لە وانە بەشداریکەرێکی زازایە لە رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکیدا کە دەڵێ: بە ملیۆن کورد و زازا هەن کە خۆیان جیاواز نابینن لە براو خوشکە تورکەکانیان و کێشەکانیشیان جیاواز نین لە کێشەکانی ئەم وڵاتە. نووسەرەکە لایەنگرێتی خۆی بۆ تورکیە دووپات دەکاتەوە. (تودەی زەمان ٢٣ی ئابی ٢٠٠٨).

تەنانەت ئەردوغان لە سەردانەکەیدا بۆ هەکاری لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨دا، جیاوازی کرد لە نێوان زازاو کورد دا، عەبدووڵڵا دەمیرباشی پارێزگاری پێشووی دیاربەکر و ئەندامی (DTP) لەم دواییانەدا، کاریگەریی ناسیۆنالیزمی زازایی لەسەر دانیشتوانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیە رەت دەکاتەوە. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە سیاسەتمەدارانی تورك دەستیان کردوە بە جیاوازیی کردن لە نێوان زازاو کورددا ئەویش بە مەبەستی لاواز کردنی داوا ناسیۆنالیزمییەکانی کوردەکان ـ کوردیش میدیا ٢٠ی کانوونی.

زۆرینەی زازا ناسیۆنالیستەکان دژ بە پەکەکەن، ئەوەش یارمەتیدەرێکە بۆ ئەنکارا لە جەنگەکەیدا دژ بە چەکدارە کوردەکان. زازا ناسیۆنالیستەکان پەکەکە بە چالاکیی ئەنتی زازایی تاوانبار دەکەن و پێیان وایە هەم پەکەکە و هەم سوپای تورکیە بەشدارن لە کەمکردنەوەی دانیشتوانی ناوچە زازاییەکاندا. زازا ناسیۆنالیستەکان ترسی توانەوەیان هەیە لە بەرامبەر هەردوو ناسیۆنالیزمی کوردو دەوڵەتی تورکیەدا.

پێدەچێ کەسایەتیی زازا ببێتە ئامرازێکیتر لە ململانێی سیاسیی نێوان تورکیەو ناسیۆنالیزمی کورددا، کەش و هەوایەکی کلتووری ئازاد لە تورکیەدا بوارێکی زیاتر ئەدا بە خوێندن بە زمانی دایك وەك زازایی و کرمانجی، هەر ئەوەش رەنگە هاوکێشەی دوژمنی هاوبەش لە نێوان رەگەزە ناتورکەکاندا کەم بکاتەوە. لەو حاڵەتەدا رەنگە ناسیۆنالیزمی کوردی هەڕەشەیەکی گەورەتر بێ لەسەر زازایی تا دەوڵەتی تورکیە.

تورکەکان دەترسن کە ئەو کێشەیە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی تورکیە. بەوەی چەند نەتەوە هەن لە تورکیەدا. ئیمپراتۆری عوسمانی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و لە پەیمانی سیڤەردا، ١٩٢٠، دابەش کرابوو بۆ گەلێ ناوچەی نەتەوەییانە، لەوانە یۆنانی و کوردی و ئەرمەنی و... بۆیە تورکەکان دەترسن جارێکی تریش زەوی و زارێکیتر بۆ نەتەوەکانی نێو تورکیە لە دەست بدەن. ئەو حاڵەتەی زۆر تورك بە ورێنەی سیڤەر ناوی دەبەن.

لە کۆتاییدا ناسیۆنالیزمی زازایی رەنگە رۆڵێك بگێڕێ لە گفتوگۆکانی تورکی ـ کوردیدا بەڵام ئەوە روون نیە کە کەسایەتیی سەربەخۆی زازایی لایەنگرییەکی زۆر بە دەست بێنێ لە ناو قسەکەران بە زمانی زازاو زۆربەیان تا ئێستا خۆیان بە تورك یان کورد دەزانن. گەر کەسایەتیی زازایی ببێتە شتێکی باو، لایەنگرێتی سێ میلیۆن زازا بۆ پەکەکە و ناسیۆنالیزمی کوردی لاواز دەبێ.

(*) ئەم وتارە لە ماڵپەڕی "سبەی" وەرگیراوە

**مالمیسانژ دەڵێ: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی "زازایستان" بەشێك بوو لە دەزگای نهێنگریی تورکی بۆ پەلاماردانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد... ئەو دەرئەنجامەی من پێی گەیشتووم ئەوەیە "گرووپی ناسیۆنالیزمی زازا" گرووپێکن لە نێو دەوڵەتدا، بە واتایەکی دروستتر پێگەیان گرووپێکە هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەتدا**

# تەکووزیی نوێی جیهانی و سەرلێشێواویی حیزبە کوردستانییەکان

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**ئارام ئیبراهیم خاس**

هەروەها "جومعە" لە "مێژووی pkk"دا دەڵێ: "pkk زیندووکەرەوەی سۆسیالیزمی ئینسانیە ". هەر وەك ئۆجەلان لە نووسراوەکانیدا باس لە چەپ بوونی pkk دەکا لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ١٩٩٤ لە حاڵێکدا کە بەرەی سۆسیالیستیی ڕۆژهەڵات هەرەسی هێنابوو ڕێکخراوەکەی بە "مارکسیست ـ لنینیست" ناو دەبا.

بنەماو بنچینەی بەڕێوبەریی pkkبنەمایەکی ئیستالینییە کە ئۆجەلان لە نووکی هێرەمی ئەو بەڕێوبەرییەدا وەك تاکێکی پیرۆز سەیری دەکرێ و لە سەر بنەمای مەکتەبی "ئاپۆییزم" تێزەکانی سەبارەت بە سۆسیالیزم و دەوڵەت و ... تیۆریزە دەکاو سەرەتا باس لە کۆماری دێموکراتی و دواتر لە کۆنفدرالیزمی دێموکراتیك دەکاو هەر چەشنە هەوڵێك بۆ پێکهێنانی دەوڵەت بە واتای دامەزرانی پێکهاتەیەکی کۆیلەتیی نوێ دادەنێ. ئەو کۆنفدرالیزمەی ئۆجەلان لە پارێزنامەکەیدا باسی لێ دەکا دەوڵەت رەت دەکاتەوەو پێداگری لە سەر بەڕێوبەری بە شێوەی سیستمی خۆجێیی و شۆڕایی (soviat) دەکاو باس لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت ـ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکا. لە حاڵێکدا pkk بە سوور بوون لە سەر ئەو ئامانجە ئۆمانیستی ئایدیالەو ئەو یۆتۆپیایەی باسی دەکا ئەوە لە بیر دەباتەوە کە روانینی جیهانی هەڵگری بیرۆکەی لیبراڵیی کە دژبەری وەستاوە، پتر لەوە کە لایەنگری ئازادیو دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەست بێ ( ئەویش بەو شێوەیە کە pkk باسی دەکا) داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت نەتەوەکان دەکا.

دیارە هەروەك لە سەرەتاوە باسم کرد تەریك کەوتنەوەی pkk لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر پێوەندیی قووڵی ئابووری ـ سیاسیی دنیای سەرمایەداری لەگەڵ تورکیە، بەڵام نێوەڕۆکی ئیدیۆلۆژی pkk و دروشمە ناڕوون و نەگونجاوەکانی لەو نێوەدا نابێ لە بیر بکرێن. دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین مەسەلەی تیرۆریزم و ناودێرکردنی pkk بە ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستی لە نێو لیستەی تیرۆر گەورەترین کێشەیە کە pkk بەرەوڕووی بۆتەوەو رەوایی خەباتەکەی لە ئاستی دنیای دەرەوەدا دەباتە ژێر پرسیار (تۆمەتی سەرەکیی ئۆجەلان لە دادگا، سەرپەرستی و ڕێبەریی پتر لە ١٥٠٠٠ کردەوەی تیرۆریستی بوو بە دژی دەوڵەتی تورك). ئەو مەسەلەیە بۆتە کۆسپێك لە بەردەم هەوڵەکانی pkk بۆ خۆسازدانی لەگەڵ تەکووزیی نوێی جیهانی و هۆکاری ئەوەش کە تورکیە هەوڵ دەدا لە ئاستی دنیای دەرەوەدا، کێشەی کوردو مەسەلەی pkk بە دوو شتی لێك جیاوازی وەك کێشەی کلتووری و مەسەلەی تیرۆر پیشان بدا.

٢) چەپی رادیکال لە ڕۆژهەڵات: ئەو ڕێکخراوانەی لەو پۆلێن بەندییەدا دەکەونە ئەو خانەیەوە، خاوەن پێکهاتەیەکی تەواو "مارکسی ـ لێنینن"، بەرهەمی دەورانی شەڕی ساردن و هەڵگری ئیدیۆلۆژیی کۆمۆنیستین، نوێنەرانی ئەو دەستەیە ئێستاش هەر لە نێو "زەینییەت" و کەش و هەوای ئەو سەردەمدا دەژین و نەیانتوانیوە بە پێی ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئاڵوگۆڕی پێویست و نوێبوونەوە لە نێو خۆیاندا پێك بێنن. بەو هۆیەش ئەو دەستە فیکرییە ناتوانێ لە ئاستێکی بەرزدا وەڵامدەری هەلومەرجی ئێستا بێ. لێك دابڕانە زنجیرەییەکانی ڕێکخراوە کۆمۆنیست و چەپەکان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو هاوبیرانەی لە نێو سیستمی داخراوی حیزبی و لە بۆشاییەی فاکتەری دێموکراسی نێوخۆییدا، توانای پێکەوە هەڵکردنیان نەماوە. لە دواڕۆژدا ناتوانن لە سەر بنەمای داخراوو سۆزدارانەی ئیدیۆلۆژی، بنەماکانی ئالتێرناتیڤێکی نوێ و سەردەمیانە لە جێگای کۆماری ئیسلامی دابڕێژن (ئەویش لە سەردەمی "مردنی ئیدیۆلۆژییەکاندا") لە حاڵێکدا لە رووی ئابوورییەوە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ بازاڕی ئابووری ئازاد نیەو لە لایەنی سیاسیشەوە، بڕوایان بە چەشنێ حکوومەتی تاك حیزبی دیکتاتۆر هەیە. گۆیا هەست بەوە ناکەن بە پێداگرتن لە سەر فۆنداسیۆنی دوگمی خۆیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك لە حاڵی چوونەدەر لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دان. ئەو دەستەیە تەنیا لە تاراوگە، بە ئامرازی پڕۆپاگەندە لە ڕاگەیاندراوو میدیاکانی خۆی بە کار کردن لە سەر بیرەوەرییەکانی خەڵکی کوردستان هەوڵی داوە لە نێو کۆمەڵگای کوردستان پێگەی خۆی سەر لەنوێ بنیات بنێتەوە.

٣) چەپی میانەڕەو لە ڕۆژهەڵات: زۆربەی ڕێکخراوەکانی نوێنەری ئەو دەستە لە سەر بنەمای هزری و جیاوازی فیکری دانە مەزراون و پرۆژەی سیاسیی تایبەت بە خۆیان نیەو بە پێچەوانەی لە سەر بنەمای تاك دامەزراون و بە پێی بەرژەوەندیی لایەنی کاریزماتیکی تاکەکەسێك شکڵ دەگرن نەك لە سەر بنەمای بیرو بۆچوون و پرۆژەی سیاسی. حیزبەکانی نوێنەری ئەو دەستەیە لە پرۆسەیەکی پلە بە پلەدا لە خانەی چەپی رادیکاڵ دەرچوون و بەرهەمی جیابوونەوە لە دەستەی چەپی رادیکاڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. ئەوانە پێیان وایە پێکهاتەی حیزبی لە سەر بنەمایەکی لنینیستی و خەباتی لەم شێوەیە باوی نەماوە و ناتوانێ خۆی لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانی ڕێك بخا. هەر چەند ڕێکخراوەکانی بۆلێن بەندی کراو لەو خانەیەدا، ئێستاش بە پرنسیپەکانی سۆسیالیزم و چینی کرێکار و پابەندن، بەڵام بە پێداچوونەوە بە بۆچوونەکانیان و بە هەڵگرتنی دروشمی نەتەوایەتی و دێموکراسی تا رادەیەك توانیویانە سەرنجی بەشێك لە خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هێندێك ڕێکخراوی وەك ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بۆ لای خۆیان رابکێشن و خۆیان تا رادەیەك لەگەڵ پێوانەکانی سیستمی نوێی جیهانی ڕێك بخەن.

٤) چەپی راستگەرای نەتەوەیی: نوێنەری بەهێزی ئەو دەستە حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. (حدك) لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ کات باوەڕی بەو شێوەسۆسیالیزمە نەبووە کە کۆمۆنیستەکان باسی لێ دەکەن، بەڵام بەردەوام لە کۆنگرەی ٣ی ئەو حیزبەوە دەستەواژەی سۆسیالیزم وەك ئامانجی دواڕۆژ دیاری کراوەو پێناسەی جۆراجۆری بۆ کراوە و پاشگری دیموکراتیکیان بۆ داناوەو ویستوویانە سۆسیالیزمەکە بکوردێنن و خۆماڵی بکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەوپەڕەکەی حیزبێکی نەتەوەیی بووە کە خۆی بە چەپ زانیوە و ئەمەش رەنگە دژەگوتارێك بووبێ بۆ بەربەرەکانێی چەپی رادیکاڵ لە کوردستان و هاوکات ئامرازێك بووە بۆ پێوەندی لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستەکان و لە سەردەمی شەڕی سارد، (ح.د.ك) هاوکات لە نێوان شەپۆلە سەرگەردانەکانی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا گێژی خواردووەو زۆر جار بۆ ڕێکخستنی خۆی لەگەڵ سیستمی نوێ تووشی پارادۆکسی قووڵی گوتاری هاتوی دکتۆر رەمەزان زادە لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری خوێندکاریی ڕۆژەڤ کە لە لایەن خوێندکارانی کوردی زانکۆ تاران دەردەچێ، لە وڵامی ئەو پرسیارە کە جیاوازیی نێوان ئەو سۆسیالیزمە کە (ح.د.ك) باسی دەکات و سۆسیالیزمی کۆمەڵە چۆن دەبینی، دەڵێ:" بەش بە حاڵی خۆم تەنیا پارادۆکس دەبینم، چونکە حیزبی دێموکرات هیچ کات سۆسیالیست نەبووە" بەو حاڵەشەوە حدك لە بەرانبەر حیزبە کوردستانییەکانی دیکەدا پتانسییەل و زەمینەیەکی لەبارتریی هەبووە بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی و نەتەوەییەکان دیارە نابێ ئەوەش لە بیر بکەین لە دوای ڕێبەرانی شەهید (قاسملوو شەرەفکەندی) و تا پێش کۆنگرەی ١٤ی حیزب ، زۆرجار بە تێگەیشتنی چەوت لە فاکتەری دەرەکی و بیرکردنەوەی هەڵە سەبارەت بە دووپات بوونەوەی رووداوەکانی باشوور لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کە دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردی لێ کەوتەوە) پشت بەستن بە ڕۆژئاوایان بە تەنیا چارەسەر بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی زانیوە و لە ئاستی پێوەندیی دیپلۆماتیك لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپوزیسیۆنی نەتەوەی بان دەست پێوەندییان هەبووە. هۆکاری سەرەکیی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی " تراژێدیك ـ کۆمیکی" چاوەڕوانی و پێڕەوی لە گوتاری "مێتافیزیکی" کە بە داخەوە، ئاخێوی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە ژیانی تاراوگە بوون بە کۆمەڵێك حیزبی "بەیاننامەیی" و لەو پەڕی کۆنسێرڤات بوون و لاوازییان لەو ماوە زەمەنییەدا لە نێو هەموو حیزبەکان و بگرە دێموکراتیش کۆمەڵێك کەسی ئەوتۆ باسیان لە هێرشی نیزامیی دنیای دەرەوە بۆ سەر ئێران دەکرد کە مرۆڤی دەخستە ئەو هزرەوە ئایا ئەمانەن سیاسەتەکانی کۆشکی سپی دادەڕێژن و ok دەدەن بۆ هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران؟ پێم وایە ئەو خۆ هاوتەریب کردنە لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانی کە حیزب بە ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆی بە هونەری مومکین لە سیاسەتداو هاوپەیمانی ناوی دەبا، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر پێویست و ئەرێنییە بەڵام لە هەمان کاتدا پێم وایە چونکە شتێکی ریشەیی نیەو لە سەر بناخەی هزرو فکری نوێ رانەوەستاوە ناتوانێ زیاتر لە پەڕینەوەیەکی ترادیسیۆنی سنوور ببەزێنێ! پەڕینەوەیەك لە سەر لێشێواوی لە چەپ بەرەو بەستراوەیی راست.



# پرسی ئێمە

**مادێح ئەحمەدی**

ئەگەر ئاوڕێك لە سەد ساڵی رابردووی مێژووی کورد بدەینەوە، دەبینین بە مێتۆدی جۆراوجۆر بۆ مافە نەتەوایەتییەکانمان خەبات کراوە. بۆ ئەم مەبەستە بە دەیان ڕێکخراو، کۆمەڵەو پارتی جیا جیا دامەزراون و هەرکام بە پێی توانای خۆیان دروشمێك یان ستراتیژییەکیان پەیڕەو کردوەو هەوڵیان بۆ داوە. لەم پێناوەش دا بە هەزاران مرۆڤ و تاکی رزگاریخوازی کورد بوونەتە قوربانی و شەهید بوون. خاڵێك کە لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا ئەوەندەی قوربانیمان داوە، نیو ئەوەندە نەمانتوانیوە (تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ) بە مافەکانمان بگەین، واتە دەستکەوتەکانمان قەت لە ئاست ئەو هەمووە قوربانی دانەدا نەبووە. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆچی، پرسێکی گرینگەو پێویستە لێبکۆڵدرێتەوە.

لە ماوەی سەدەی رابردوودا، بە شێوەی جۆراوجۆر دیسکۆرسی ئۆتۆنۆمی، سەربەخۆیی و ئەم دواییانەش فیدرالیزم و... تاقی کراونەتەوە کەچی هەر لە دۆخێکداین و نەمانتوانیوە مافەکانمان دەستەبەر بکەین. لە هەر قۆناغێکدا بە هۆیەك بزووتنەوەو راپەڕینەکانمان یا درێژ بوونەتەوەو یا بە ئاکام نەگەیشتوون و... بۆ نەمانتوانیوە هاوکات هەموو فاکتەرەکان (دەرەکی، نێوخۆیی، مێژوویی و...) بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆماندا ڕێکبخەین، دیسان بابەتێکی دیکەیەو پێویستی بە خەسار ناسی و لێکۆڵینەوەی میتۆدیك و قووڵ هەیە.

ئێستاش ئەگەر چاو لێبکەین دەبینین لەسەر بنەمای درێژەدان بەو خەباتەی کە لە رابردوودا کراوە، بە دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان خەبات دەکەن و باش یان خراپ لە گۆڕەپانەکە دان. دیارە هەرکام لەم پارتانەش بانگەشەی دیسکۆرس و دروشم و مێتۆدی تایبەتی خۆیان دەکەن.

یەکێك بڕوای بە خەباتێکی سەرانسەری هەیە، یەکێك داوای سەربەخۆیی، یەکێك فیدرالیزم و.. داوا دەکا. پرسیار لێرە ئەوەیە کە ئایا کێشەی ئێمە سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خەباتێکی سەرانسەری یا ... چیە؟

پرسی ئێمە پێش ئەوەی سەربەخۆیی و یا فیدرالیزم و... بێ، دەبێ پرسی بنیاتنانەوەی تاکی کورد بێ. واتە تاکێك کە لە خۆیدا نەڕووخابێ، سووکایەتیی پێنەکرابێو باوەڕمەندو بە ئیرادە بێ.

مرۆڤی کورد یا تاکی کورد، بەردەوام لە ماوەی مێژوودا چەوساوەتەوەو بێ ڕێزیی پێکراوە و رووخاوە. تاکێکی کورد تاکێك کە بەرهەمی هەلومەرجێکی نۆرماڵ نیە، کە هیچ کێشەیەکی دەروونیی نەبێ و بتوانێ بەبێ کێشە، بە شێوەیەکی باوەڕمەندو بە ئیرادەیەکی راستەقینەوە خەبات بکا.

لە ماوەی مێژوودا ریزی بزووتنەوەی کورد (لە ڕێبەری بزووتنەوەکانەوە بگرە تا تاکی ئاسایی) پڕوا پڕ بوو لەم مرۆڤانەی کە بە سەدان جار سووکایەتییان پێکراوەو رووخان. مرۆڤ یان تاکێکی رووخاویش ئەگەرچی ژیانی تەرخان بکاو لە ئاکامیشدا گیانی هەر لەو پێناوەدا لە دەست بدا، بەڵام ناتوانێ خاوەن ئیرادەیەکی راستەقینە بێ و مافەکانی نەتەوەیەك دەستەبەر بکا. چونکە بەرهەمی هەلومەرجێکی نۆڕماڵ نیە.

بەپێی ئەو هەلومەرج و رابردووەی کە کورد تێیدا ژیاوە، لێرەوە پێویستە ئێمە بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە رابردوو، پێش ئەوەی خەبات بۆ فیدرالیزم و سەربەخۆیی بکەین، خەبات بۆ بنیاتنانەوەی کەسایەتیی تاکی کورد بکەین. واتە پێش ئەوەی ئێمە گرنگی بە فیدرالیزم و سەربەخۆیی و کێشە نەتەوەییەکانمان بدەین، دەبێ گرنگی بە پرسی تاکی کورد و خەبات بۆ بنیاتنانەوەی کەسایەتیی تاکی کورد بکەین.

# ڕەچەڵەکناسیی پرۆسەی ژینۆساید لە کوردستان دا

جەلال حاجی زادە
و. تەها ڕەحیمی
بەشی سێیەم و کۆتایی

١ـ کۆچاندن

٢ـ ستراتیژی مافی دوور ڕاگرتنی ئەوان لە زانست و زانیاری (تهجیل)

٣ــ بە مەبەستی ناچار کردنی کوردەکان بە کۆچ کردن کاریان پێ نادرێ

٤ـ پڕۆپاگەندە دژی کوردەکان لە نێو عەڕەبەکاندا بە مەبەستی قەیراناوی کردنی بارودۆخیان

٥ـ کێشەو دووبەرەکایەتیی خستنە نێوان کوردەکان

٦ـ نیشتەجێ کردنی عەڕەبەکان لە ناوچەی کوردەکاندا

محەممەد تالب هیلال بەرپرسی سیاسیی ناوچەکانی جزیزێ لە کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێ: "هیچ هۆزێك نیە کە خۆی بە کورد بزانێ و نەتەوەیەکیش بە ناوی کورد نیە" و هەروەها دەڵێ: "قەت زمانێك نابینرێتەوە کە بە زمانی کوردی بناسرێ" (هەمان سەرچاوە، ل ١١٤).

هیلال لە درێژەدا دەنووسێ: "خەڵکی کورد بێ شارستانیەت و مێژوون، زمانیان نیەو تەنانەت نژادو ماکیشیان نیە" (هەمان سەرچاوە، ل ١١٤).

نووسراوەکانی هیلال نیشاندەری سیاسەتی تواندنەوەی کوردەکانە، کە ماوەیەکی دوورو درێژە لە لایەن سیاسەتزانانی سووریایەوە پراکتیزە دەکرێ کە خۆی بە تەنیا بەڵگەیەکی پاساو هەڵنەگرە بۆ حاشاکردن لە راستییە مێژووییەکان و شوناسی نەتەوەیی ـ زمانی کوردەکان و نیشانەی ئەو مەبەست و پاڵنەرەیە کە دەستی ئەوانی بە ژینوسایدی نەتەوەی کورد ئاڵودە کردوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ماددەی دوویەمی کۆنڤانسیۆن، بەم پێیە ژینوساید پێناسە دەکا: "هەر کردەیەك کە بە مەبەستی لە نێوبردنی تەواو، یان بەشێك لە کۆمەڵێك مرۆڤ بە هۆی نەتەوایەتی یان نژادی یان جیاییخوازی و ئایینی ئەنجام بدرێ، بە ژینوساید دەژمێردرێ (عومور گوڵ، هەمان سەرچاوە)

**ج) نیشاندانی بەڵگە بەرچاوەکانی ژینوسایدو بەرایییەکانی لە باکووری کوردستان**

باکووری کوردستان کە لە لایەنی نێودەوڵەتیدا بە کوردستانی تورکیە دەناسرێ یەکێك لە پڕ حەشیمەتترین ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانە کە نزیکەی ١٧٠٠٠٠٠ کەسی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە. بە دوای بەتاڵبوونەوەی پەیماننامەی "سێڤر"و ڕاپەرینی بە پەلەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) حکوومەتی دیکتاتۆری مستەفا کەماڵ، ناسراو بە ئاتاتورك بە تەواوی هێزەوە دەستی بە سەرکوتی کورد لەم پارچەیە کرد. کۆکوژی بەربڵاو کوێرانە سەربازەکانی ئاتاتورك بە ڕادەیەك بوو کە زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس کوژران و هەزاران کورد (١٩٢٥ ـ ١٩٢٦) ناچار بوون زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و یان بە زۆرەملی بەرەو ناوچەکانی دیکەی تورکیە کۆچیان پێکرا (عەزیز سورمێ، هـ ـ س، ل ٣٧).

عەزیز شەمزینی لە کتێبەکەیدا دەنووسێ: "دوای سەرکوتی ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی دەرسیم (١٩٣٧) ١٥٠٠ پیرێژن و منداڵ وێکڕا لە زنجیر بەستران و لە قوڵەیەکدا نەوتیان بە سەردا کراو ئاوریان تێ بەردرا."(عەزیز شەمزینی، ١٩٨٠: ل ١٠٠ ـ ١٠١). لە درێژەی سەرکوتی سەرهەڵدانی دەرسیم دا کە تا ساڵی ١٩٤٢ی پێ چوو "نزیکەی ٩ هەزار گوند لە لایەن مستەفا کەماڵ و دەوڵەتەکەیەوە لەنێو چوون" (عەزیز سورمێ، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨).

پرۆفیسۆر جەماڵیش لە کتێبە مەزنەکەی خۆیدا (کوردستان و شۆڕشەکەی) بەمجۆرە دەنگ هەڵدەبڕێ: "تاوانەکانی ڕێژیمی تورکیە دەرهەق بە کوردەکان ئەوەندە زۆرن کە لە هەژمار نایەن، ژینۆسایدی نەتەوەی کورد گەیشتۆتە جێیەك کە ڕێژیمی دیکتاتۆرو شۆڤینیستی تورکیە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٧دا بۆمبی ژەهراویی (شیمیایی) بە سەر کوردەکاندا باراند کە لە ئاکامی ئەم تاوانەدا نیو میلیۆن مرۆڤی کوردی گیانیان لەدەستدا." (نەبەز، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤).

گومان لەوەدا نیە کە یەکێك لە توخمە زۆر گرینگەکانی فەرهەنگی هەر کەمایەتییەك، زمانەکەیەتی، بە واتایەکی دیکە ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی هەر نەتەوەیەك دەژمێردرێ، بە پێی یاسای بنەڕەتیی تورکیە "ئاخافتن بە زمانی کوردی تاوانەو" بۆ هەر وشەیەك دەبێ پێنج قرووشی تورکی "ببژێردرێ" (عەزیز سورمێ، هـ ـ س، ل ٧٥).

بێشکچی کۆمەڵناسی مرۆڤدۆستی تورك دەنووسێ: "دەوڵەتی تورك و ئیدئۆلۆژیی بەرینی تورکیە، حاشا لە نەتەوەی کوردو زمانی کوردی دەکا" (بێشکچی، ٣٠). ناوبراو لە درێژەدا وەبیر دەخاتەوە کە ئەوان (تورکیە) توانیویانە نەتەوەیەکی چوار هەزار ساڵەو خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتە، تا ڕادەیەکی وێنا نەکراو لە نێو بەرن و سووك و یەخسیری بکەن" (بێشکچی، ١٩٩٣، ٣٠).

لە ماددەی ٨٨ی یاسای بنەڕەتیی تورکیەدا هاتوە: "هەموو دانیشتوانی تورکیە بە بێ سەرنجدان بە ڕیشەی نژادی و ئایینیان تورکن" (عەزیز سورمێ، هـ.س، ل ٧٧). ڕێبەری پێشوویی حکوومەتی تورکیە گورسل (لە ڕۆژنامەی کیم، ژمارەی ١٩٦١/٤/٢٧دا) دەڵێ: "لە جیهاندا هیچ نەتەوەیەکی جیاوازمان بە ناوی نەتەوەی کورد نیە، کوردەکان نەك هەر، هاونیشتمانمان بەڵکوو برای نژادیشمانن" (قاسملوو، هـ.س، ل٢٨١). بە هەرحاڵ بەرپرسانی تورك بەو ئاکارەیان هیوادار بوون بە تەواوەتیی نەتەوەی کورد بسڕنەوەو بیتوێننەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧، ل ٣٠ ـ ٣١).

کریس کۆچێرا، بیرمەندی فەڕانسەیی دەڵێ: "حکوومەتی تورك (تورکیە) بە شێوەیەکی سیستماتیك قوتابخانەکانی بە مەبەستی تواندنەوەی کوردەکان خستوەتە خزمەت خۆیەوە"(کۆچێرا، ٢٠٠٠، ل ٣٦٦).

لە ڕێکەوتی ١٩٣٢/٥/٥دا حکوومەتی تورکیە بەپەلە ڕایگەیاند کە یاسایەکی پەسند کردوە کە ڕێگە دەدا خەڵکی کورد بە زۆرەملی ناچار بە کۆچ بکەن و بە پێی هەمان یاسا، کۆچاندن، قەدەخە کردنی زمانی کوردی و لە نێوبردنی توخمە نەتەوەییەکانی کورد جێبەجێ دەکرێ (کۆچێرا، ١٣٦٧، ١٧٦ ـ ١٧٧).

بێشکچی دەنووسێ: "هەموو چالاکییە سیاسی، ئیدیۆلۆژی و نیزامیەکانی دەسەڵات بەدەستانی تورکیە بە مەبەستی لە نێوبردنی نەتەوەی کورد بووە" (بێشکچی، ١٣٧٩، هەمان سەرچاوە، ل ٦). هەر لەو پێوەندییەدا بروویین سێن دەڵێ: "ملك و زەوی و زاری هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکان (کوردستان) بە کۆچەرە تورکەکان دەدرێ کە لە شوێنی دیکەوە هاتوون و ئەو سیاسەتە پەرەی پێدراو گەیشتە ئاکامی لۆژیکی خۆی کە تواندنەوەی زۆرەملیی کوردەکان بوو" (برویین سێن، ١٣٨٣، ٣٩٢).

ڕۆژهەڵات ناسی ناسراو، نیکیتین لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی تورکیەدا دەنووسێ: "ساڵەکانی ١٩٢٦ ـ ١٩٢٧ نزیکەی یەك میلیۆن پیاوو ژن و منداڵی کورد بەرەو ئانادۆل کۆچیان پێکرا" (نیکیتین، کورد، مۆسکۆ ١٩٦١، ل ٩٠، بە زمانی ڕووسی کە عومەر گوڵ لە سەرچاوەی پێشوودا ل ٨١ هێناویەتی). لە لایەن تورکیەوە "سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی یان حاشا کردن لە بوونی کوردەکان وەك بوونێکی سیاسی یان ئێتنیکێکی سەربەخۆ ڕەچاو کراوە" (میلتۆن و ئەوانی دیکە، ١٣٨٥: ٩٢).

هەر لەو بابەتە سیاسەتانە لە کتێبەکەی برویین دا هاتووە کە: "ئەندیشەی پۆپۆلیستی تورکی (خلق چیلیك) سیاسەتی نەتەوەسازی بوو کە حاشای لە بوونی فەرهەنگێکی جیاواز بە ناوی کورد دەکردو بەمجۆرە بە پێی فەرمانێك "کوردەکان بوون بە تورك" (هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٢). چاوخشاندنەوە بە سەر ئەم بابەتە گرینگە بۆیە جێی بایەخە، کە پاکتاوی نەتەوەیی و سیاسەتی کۆچی زۆرەملی و دەرکردن لە بڕیارنامەی کۆڕی گشتی (لە بارەی بۆسنی هێرزە گۆوین) دا بە ژینۆساید ناسراون. (هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٣). ئەو بابەتەی لەو کورتە شیکراوەیەدا ڕوونە ئەوەیە کە مەبەستی سەرەکیی ڕێژیمی تورکیە لە داڕشتن و سەپاندنی ئەو چەشنە بەرنامانە، خەوشدار کردنی مێژوو، شوناس و نژادی کوردەکان و چێکردنی مێژوویيەکی ساختەیە بۆ ئەوان. گەلۆ ئەو جۆرە هەنگاو دزێوو دژ مرۆییانە بە "ژینۆساید" ناژمێردرێن؟

**د. نیشاندانی بەڵگەکانی ژینۆساید لە باشووری کوردستان**

ئەو وڵاتە جوگرافیاییەی کە بە عێراق ناوزەد دەکرێ، لەو وڵاتانەیە کە ساڵی ١٩٢٠ـ٢٤ لە لایەن ئینگلیزو بە تەواوی لە ئاقاری بەرژەوەندییە کۆلۆنیالییەکانی خۆی، بە پێی چەند بڕیارنامە و پەیماننامەی ناوچەیی و نێونەتەوەی بە پشتیوانیی دەوڵەت ـ نەتەوە تازە پێکهاتووەکانی ناوچەو هەروەها دەوڵەتی جیهان (ڕێکخراوی نەتەوەکان) بە پێشێل کردنی مافی نەتەوەکان بە تایبەت نەتەوەی کورد دروست کراوە.

بێ گومان بەڵگەکانی وەچەکوژی و تاوانی دژ بە کورد لە باشووری کوردستان بە ڕادەیەك دیارو بەرچاون کە لە ڕاستیدا ئەوەندە پێویست نیە بە تێرو تەسەلی باسیان بکرێ. بۆیە تەنیا لیستەیەك لە بەڵگەو نیشانەکانی وەچەکوژی لەو بەشەی کوردستان دەخەینە بەر باس:

ـ کاول بوونی ٧٩ گوندو تێکدانی ١٣٦٥ یەکەی نیشتەجێبوون لە هێرشی بەربڵاو هاوبەشی عێراق و بریتانیادا

ـ کۆکوژیی سێ هەزار ژن و منداڵی کورد لە ساڵی ١٩٦١دا لە لایەن عەبدولکەریم قاسم و ئاوارەکردنی ١٠٠ هەزار کەس و تەخت کردنی ١٥٠ گوندو شارۆچکە.

ـ سیاسەتی بە عەڕەب کردن لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٦٣ تا ١٩٧٥ .

ــ ئاوارەکردنی نزیکەی ٤٠ هەزار کەس کوردی خەڵکی شاری کەرکوك و دەورووبەری و نیشتەجێکردنی عەڕەب بە جێیان لە ساڵی ١٩٦٣ .

ـ تاڵانی دارایی خەڵك و سووتاندنی باخ و کێڵگەکانی خەڵکی کورد بە پێی تاکتیکێك کە بە تاکتیکی "زەوی سووتاو" ناسراوە، لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٦٣ .

ــ کاول کردنی ٤٠٠ گوند، ئاوارەکردنی ٣٠٠ هەزار کەس و کوشتن و بریندارکردنی نزیکەی ٦٠ هەزار کەس، بە پێی ڕاپۆرتی نێونەتەوەیی لە لەندەن.

ـ بە کارهێنانی چەکی شیمیایی و بۆمبارانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ و کوشتن و بریندارکردنی هەزاران کەس و هەروەها ئاوارەکردنی ملیۆنان کورد لە سنوورەکانی ئێران و تورکیە.

ـ دەرکردن و ڕادانی نزیکەی ٤٠٠٠ کوردی فەیلی لە عێراقەوە بۆ ئێران و بەتاڵ کردنەوەی ناسنامەکەیان (١٩٧١ ـ ١٩٧٢) و دەست گرتن بە سەر داراییەکانیاندا.

ـ هەڵڕشتنی بۆمبی بووکەڵەیی لە ئاوەدانییەکان، بۆ ئەوەی منداڵیان هەڵیانگرنەوە و پێی لە نێو بچن.

ـ دەستپێکردن و جێبەجێکردنی چالاکیی ناسراو بە ئەنفاڵ لە ماوەی ٨ قۆناخدا کە بە تەواوی لە پێش دا گەڵاڵەیان بۆ داڕێژرابوو (عومەر گوڵ، هـ ـ س، ل ٤١ ـ ٤٨).

کۆمەڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ڕێکەوتی ١٩٢٢/٢/١٨ کە ٩٦ لاپەڕەی نوێنەری تایبەتی کۆمیسیۆن وان دیرستویل لە خۆ دەگرێ، بە تێرو تەسەلی باسی لە تاوانەکانی ڕێژیمی عێراق لە کوردستان کردوەو بە بەڵگەی پێویست دەسەلمێنێ کە ڕێژیمی عێراق کوردی ژینۆساید کردوە. کۆمەڵەی هاوکاریی نەتەوە چەوساوەکان لە ئاڵمان لە دێکۆمێنتی ژمارە چواری خۆیدا (١٩٩١) بە چڕی لە بارەی ستەمی نەتەوەیی دژی کوردان و لە نێوبردنیان دواوەو بە پشت بەستن بە نیشانە بەرچاوو بەڵگەی شیاوی سەلماندنەوەی باسی ژینۆساید دێنێتەوە گۆڕێ. (عومەر گوڵ، هەمان.سەرچاوە، ل٥٠).

پاور دەنووسێ:"لە ڕەوتی هەشت هێرشی بەردەوام و بە تەواوی ڕێکخراوی ئەنفال دا، کورد لە هەموو ناوچە گوندنشینەکانی عێراق پاکرایەوەو گوندەکانیان لەگەڵ خاك تەخت کران، پیاوەکانیان کۆ دەکرنەوەو پاشان لە شوێنێك دەیانکوشتن...تاقم تاقم ڕایاندەگوستنە شوێنە دوورەکان و بە پێی پیلان و پلانی لە پێش دا داڕێژراو وەبەر ڕەهێڵەی فیشەکیان دەدان". (پاور، هەمان سەرچاوە، ٣١٨).

لە کارەساتی ناسراو بە ئەنفال دا "حەشیمەتی نزیکەی ١٥٠٠٠ گوند ڕاگۆزرانە کەمپەکانی "صحاری" و زۆربەی دانیشتوانی ئەو گوندو ناوچانە تێدا چوون" (برویین سێن، هەمان سەرچاوە،٥٤).

زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە هێرشەکانی بەعس و تاوانەکانی لە چوارچێوەی شەڕ لەگەڵ ئێران و ئەمنیەتی بوونی کوردستان داڕێژراوەو پاساوی بۆ هێنراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی هەموو توێژەرو چاوەدێرانی نێونەتەوەیی ئەو جۆرە پاساوانە تەنیا بە بیانوویەك بۆ لە نێوبردنی کوردەکان دەزانن، پاور بە گێڕانەوە لە سەناتۆر ڕنکین کە باڵوێزی ئەمریکا لە بەغدا بووە دەنووسێ:"ئەو هێرشانەی کرایە سەر کوردان هیچ پێوەندییەکی بە ئێرانەوە نەبوو کە بە هەڕەشەی بۆ سەر تەناهیی وڵات دەزانی، بیانوویەکەی (سەدام) تەنیاو تەنیا قڕکردنی کوردەکان بووو بەس" (پاور، هەمان سەرچاوە، ٢٥٠).

گالبراتیش لە بارەی بە کارهێنانی چەکە شیمیاییەکانەوە دەڵێ:"ئەو شتەی مایەی نیگەرانیم بوو تەنیا بە کارهێنانی چەکە شیمیاییەکان نەبوو، بەڵکوو بە کارهێنانی ئەو چەکانە بوو بۆ لە نێوبردنی کوردەکان" (هەمان سەرچاوە، ٢٥٦).

پیتر گالبرایت و کریستۆ فڕ لینی، لە ڕاپۆرتی ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/١ی خویاندا، وێڕای ئاماژە کردن بە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی میلیتاریستی، وەك تێکدانی شارو گوندەکانی کوردستان، جێگۆرکێ پێکردنی زۆرەملییانە، بە کارهێنانی چەکە شیمیاییەکان، دەنووسن: "قوربانیانی چەکی شیمیایی سەدان هەزار کەسن، حکوومەتی عێراق بە گرتنەبەری سیاسەتی میلیتاریستی بە هیوای چۆلکردنی کوردستانە."(عومەر گوڵ، هەمان سەرچاوە، ٣٨)

برویین سێن دەڵێ: "چەکوچۆڵی شیمیایی لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو سیستماتیك بە کار هێنرا، کوردەکان بە شێوەیەکی بەرین کەوتنە بەر مەترسیی وەچەکوژی و کوشتاری بە کۆمەڵ" (بێشکچی، هەمان سەرچاوە، ١٣٧٩ ل. ٤١).

سیناتۆر پۆل، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی سێنا دەڵێ: "بۆ دووەمین جار لە ماوەی ئەم سەدەیەدا (بیستەم) ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو زاڵم بە ئامانجی لە نێوبردنی کەمینەیەکی نەتەوەیی دیاریکراو لە گازە کوشندەکان کەڵك وەردەگرن... ئەو جارە ئیدی ناتوانین لە بەرانبەر وەچەکوژی دا بێدەنگ بین (پاور، هەمان سەرچاوە، ٢٦٨). ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا سەلماندی دەوڵەتێك وەچەکوژیی ئەنجام داوە(هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٩).

هەروەها پاور دوای لێکدانەوەی نیشانەکانی ژینۆساید لەگەڵ کۆنڤانسیۆنی جیهانی، تاوانی سەدام دژی کوردەکان بە ژنۆساید لە قەڵەم دەدا (هەمان سەرچاوە.)

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەڕێژیمی بەعس بەجێ ماوە و هەروەها ئەوەی پراکتیك کراوە ئامانجی کۆتایی لە کارەساتی ئەنفال و تاوانەکانی سەدام زاڵ بوون بە سەر ناوچە کوردنشینەکان، دەسبەسەر کردن و دوورخستنەوەی گەلی کورد، قڕکردن و خاپوور کردنی گوندەکان و سەرچاوە ئابوورییەکان و نائارام کردن و گۆڕینی چۆنییەتی بە کارهێنانی ناوچەکانی شوێنی ژیانی خەڵکی کوردستان بووە کە بە بێ شك ئەو بەڵگانەی لە بەردەست دان نیشاندەری پرۆژەیەکی بەتەواوی ڕێکخراو و لە پێشدا داڕێژراوە کە ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتە ( عومەرگوڵ: ٦) بە سەرنجدان بە پێناسەو ڕوون کردنەوەی لمکین لە کۆنڤانسیۆنی ئێستای قەدەغەکردن و سزادانی ژینۆساید و ئەو بڕیارانەی دەرچوون، بێ گومان سیاسەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ (بەمەبەستی نکۆڵی کردن لە شوناسی کوردەکان)و هەموو ئەو تاوانانەی لەو نووسینەدا ئاماژەیان پێ کرا گشتیان پێشاندەری ئەو نیازەن، واتە لە نێوبردنی فیزیکی و فەرهەنگیی کوردان کە بێ گومان دەتوانین بەپێی بەندەکانی کۆنڤانسیۆنی " قەدغەکردن و سزادانی ژینۆساید" بەتایبەت بەندەکانی" ئەلف، ب، ج، پۆلێن بەندی و بەدواداچوونی بۆ بکەین و بیسەلمێنین. دیارە ئەو بابەتە گرینگە پێویستیی بە بڕینی ڕێگەیەکی پڕ هەورازنشێوو دژوارەو نابێ هەر شتێك بە ساکاری چاوی لێ بکەین، چونکە بەرز کردنەوەی سکاڵای حوقووقی و سەلماندنی توخمە ماددی و مەعنەوییەکان پرسێکی سیاسیی نێونەتەوەییە. خستنەبەرباس، بەدواداچوونی حوقووقی سیاسی و سەلماندنی بە سەرنجدان بە بەڵگەو نیشانانەی لە بەردەست دان بەر لە هەر شتێك بۆیە گرینگە کە ژینۆساید هەڕەشەیە لە گشت مرۆڤایەتی و لە ڕاستییدا " حاشاکردنی لە مافی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی". ( بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوەکان ) لەم ڕوانگەیەوە بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدی کورد لە کوردستان لە لایەکەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەمیشەیی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و قەرەبووی خەسارە ماددی و مەعنەوییەکانیان و لە لایەکی دیکەشەوە بە ئامانجی پێشگیری لە دووپات بوونەوەی ئەم چەشنە تاوانانە. کە مێژوو لە باس کردنیان شەرمەزارە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دا، گرینگی خۆی هەیە شتێك کە ویژدانی مێژووی مرۆڤایەتیی ڕەش کردووەو چاوەڕوانیەتی.

بەگشتی دەتوانین لە تاوتوێ کردنی سیاسەتە نەرێنییەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، ئاماژە بەو بەڵگەو نیشانە بەرچاوانەی کە بە ژێنوسایدی نەتەوەیەك دێتە ئەژمارە بکەین:

١ـ کوشتنی فیزیکی خەڵکی کورد بە کۆمەڵ وبە تاك

٢ــ گرتن، ئەشکەنجە کردنی جەستەیی و دەروونی و سووکایەتیی کردن بە شوناسیان

٣ــ پاکتاوی نەتەوەی و وێران کردنی ناوچە ئاوەدانەکان وەك گوندو شارۆچکە کوردنشینەکان بە مەبەستی تێکشکاندنی پێکهاتەی ئیتنیکی ـ نەتەوەیی

٤ــ داڕشتن و جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەفارس کردن، بەعەڕەب و تورك کردن بە شێوازگەلی نەرم ئامێری و ڕەقئامێری

٥ــ خاپووررکردنی شوێنەوارە مێژوویی و بەرهەمە کەونارەکانی کورد بە مەبەستی لە نێوبردنی فەرهەنگی نەتەوەیی

٦ـ ئابلۆقەی ئابووریی کوردستان و هەروەها لە نێوبردنی سەرچاوەکان، سووتاندنی کێڵگەو زەوی و زارەکان

٧ـ شێواندنی ڕوخساری نەتەوەیی کوردستان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی فەرهەنگ و شارستانیەتی کورد

٨ ـ دابڕینی ژن و پیاو، منداڵ و دایك و دەستدرێژی کردنە سەرناموسی نەتەوەی کورد بەتایبەت لە کارەساتی ئەنفال دا

٩ــ چاندنی مین لە بەشێکی بەرینی جوگرافیای کوردستاندا

١٠ــ بەکار هێنانی چەکوچۆڵی سامناکی ڕووخێنەرە بیۆبۆژیکی و گازە ژەهراوییەکان

١١ــ پێشگری لە گەشەی فەرهەنگیی کوردەکان و لە نێوبردنی زمان و داب ونەریتیی‌نەتەوەییان

١٢ـ داڕشتنی و جێبەجێ کردنی پرۆسەی فەرهەنگ سڕینەوەو وەچەکوژی و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەی کورد

١٣ــ یەکیەتیی و ستراتیژیکی و هاوکاری هەمەلایەنەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و سەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کوردەکان، چونکە کوردەکان و سنوورنشینان، کەڵکەڵەی سەرەکیی و هۆی پەرێشانی هاوبەشی وڵاتەداگیرکەرەکان بوون.

**سەرچاوەکان لە ئارشیڤی "کوردستان"دا پارێزراون.**

# دەسکەوتەکانی ژنانی ئێران لە شۆڕشی ١٣٥٧

**کوێستان فتووحی**

شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی کۆتایی بە دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی ڕێژیمی پاشایەتی هێناو دەسەڵاتێکی ئیسلامی هاتە جێگای و خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند. بە دامەزران و هاتنە سەرکاری نیزامی ئیسلامی لە ئێراندا دواکەوتووانەترین یاساکان بە دژی ژنان پەسند کران و گوتاری بنیادگەرایی پەرەی سەند و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ژنان زیاتر لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە زیانیان پێبگا و زۆر لە مافە سەرەتاییەکانیان کە لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەستیان کەوتبوو، کەوتنە ژێر پرسیار، کەشوهەوای سڕینەوە و سەرکوتی ژنان دەستی پێکرد و نایەکسانی ڕەگەزی لە تەواوی بوارەکانی ژیانی ژناندا چووە دەستووری کارەوە.

ژنان ناچار بوون لە بەرابەر ئەو شەپۆلی گەڕانەوەیە و بڕیارە کۆنەپەرستانەکانی ڕێژیم و ڕێبەرە کۆنەپارێزەکەی دا ڕاوەستن و بکەونە بەربەرەکانییەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەمڕۆ ژنان و کچانی ئێران لە لقە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا بڕوانامەی بەرزیان هەیە، ئەگەر ڕێژەی کچانی خوێندکار لە کوڕان زیاترە، ئەگەر ژنان لە بواری جۆراوجۆردا خەریکی کارکردنن و بەرپرسایەتییان (هەر چەند لە ئاستی جۆراوجۆردا) هەیە و بیروبۆچوونی سەربەخۆی خۆیان هەیە، ئەگەر خەڵاتی نۆبێلیان بە نسیب دەبێ و.... هەمووی بەرهەمی ئەو هەوڵ خەبات و خۆڕاگری و بەربەرەکانییەیە کە لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا لە بەرانبەر ڕێژیمی ئیسلامی دا لەخۆیان نیشانیان داوە.

لێرەدا بە مەبەستی دەرخستنی دۆخی مافەکانی ژنان و پێگەی ژن لە کۆمەڵگە و بەڕێوەبەریی وڵات و بە گشتی سەرجەم بوارەکانی ژیان دا بەراوردێك لە نێو دوو سەردەمی پاش و دوای شۆڕشی ٥٧ دەکەین.

**دوای شۆڕش:**

چەند نموونەیەك لەو یاسایانەی کە دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی لە دژی ژنان پەسند کران و بەڕێوەچوون:

١٣٥٨) ـ هەڵوەشانەوەی یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە

ـ بێبەش بوونی ژنان لە کاری دادوەری

ـ جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە شوێنە (گشتییەکان، وەرزشییەکان، قوتابخانەکان و...

١٣٥٩) دوای پەسند کرانی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی نەخشی ژن لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵدا دیاری دەکرێ. بە دەست پێکردنی شۆڕشی فەرهەنگی، زانستگەکانی ئێران دادەخرێن. ژنان بەو مەرجە هەقیان هەیە لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەشداری بکەن کە ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان بە باشی بەڕێوەبەرن.

١٣٦٠) ڕادەی ماف و ئازادییەکانی ژنان بە گوێرەی فتوای وەلی فەقیە دادەنرێ.

١٣٦١) بە پێی حوکمی ئیسلامی، ژنان مافی سەرپەرستی کردنی منداڵی شیرەخۆرە و جیابوونەوە لە هاوسەریان لێدەسێندرێتەوە. لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان دا کچ و کوڕ لێك جیا دەکرێنەوە.

١٣٦٢) گەشتەکانی پۆلیسی تایبەت بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بێحیجابی دەست بەکار دەبن.

١٣٦٨) مافی پاوانکراوی مێرد بۆ تەڵاقی ژن بە پێی ڕێوشوێنی ئیسلامی بەڕێوە دەچێ.

١٣٧٢) ڕێگە بە ژنان دەدرێ وەك ڕاوێژکاری دادوەری لە دادگاکانی تایبەت بە بنەماڵەدا ئامادەبن.



**پێش شۆڕش**

ئەو ماف ئازادییانەی ژنان کە پێش شۆڕشی ١٣٥٧ بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و بەردەوامی خۆیان وەدەستیان هێنابوو بە بڕوای زۆر لە چاوەدێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو دەورانە لە وڵاتانی ئیسلامی دا بێوێنە بووە.

نموونەی هێندێك لەو دەسکەوتانە ئەمانە بوون :

١٣٠٧ (١٩٢٨) ـ ژنان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات بۆرسی خوێندنیان پێدرا.

١٣١٤ (١٩٣٦) ـــ دوای بڕیاری هەڵگرتنی حیجاب (کشف حجاب) یەکەمین قوتابخانەی تێکەڵاوی سەرەتایی کرایەوە.

١٣١٧ (١٩٣٨) ـ ژنان بە بێ هیچ گیرو گرفتێك توانیان بچنە زانستگەی تاران.

١٣٢٣ (١٩٤٤) ـ یاسای فێرکردنی ئیجباری پەسند کرا.

ـــ شورای بەرزی کۆمەڵەکانی تایبەت بە ژنان دامەزران.

١٣٤١ (١٩٦٣) ـ ژنان مافی سیاسیی تەواویان وەرگرت.

١٣٤٢ (١٩٦٣) ـــ ژنان بۆ نوێنەری مەجلیس هەڵبژێردران.

١٣٤٥ (١٩٦٦) ـــ بە یەکگرتنی ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکانی ژنان "ڕێکخراوی ژنانی ئێران دامەزرا"

١٣٤٦ ( ١٩٦٧) ـ دیاریکردنی ژن وەك کادری سیاسیی وەزارەتی کاروباری دەورەوە .

ـ ژنان بە پلەی مافی دادوەری لە دادگاکاندا و ئەندامەتی لە هێزی ئینتیزامیدا گەیشتن.

١٣٤٧ (١٩٦٨) ـ بەشدار بوونی یەکەمین وەزیری ژن لە کابینەی دەوڵەتدا.

ـ یاسای خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژنان پەسند کرا.

ـ یەکەمین ناوەندی ئاسوودەیی بنەماڵە لە لایەن ڕێکخراوی ژنانی ئێرانەوە کرایەوە.

١٣٤٧ (١٩٦٨) ـ ژنان چوونە ریزی سوپاوە.

١٣٤٩ (١٩٧٠) ـ ژنان بە ئەندامەتیی ئەنجومەنەکانی شار و شارستان و پارێزگاکان هەڵبژێردران.

١٣٥٤ (١٩٧٥) ـ باش کردنی یاسای پارێزگاری لە بنەماڵە. ـــ ئێران لە کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ژنی ساڵ دا بەشداری کرد.

ـــ یەکەمین ژن گەیشتە پۆستی ڕاوێژکاری وەزیر لە کاروباری ژنان دا.

١٣٥٧ (١٩٧٨) ـ گەڵاڵەی کاروباری نەتەوەیی پەسند کرا.

لەو ساڵەدا دوو ملیون ژنی ئێرانی بە ڕەسمی کاریان دەکرد. ١٨٧٩٢٨ ژن لە زانستگەکان و لقە پسپۆرییەکاندا دەیان خوێند. ١٤٦٦٠٤ ژن کارمەندی دەوڵەت بوون، کە ١٦٦٦ کەسیان پۆستی بەرپرسایەتییان هەبوو. ٢٢ ژن نوێنەری مەجلیس، دوو ژن سەنا، یەك ژن وەزیر، یەك ژن سەفیر، سێ ژن جێگری وەزیر، یەك ژن فەرماندار، پێنج ژن شارەدار، ٣٣٣ ژن نوێنەری ئەنجومەنەکانی شار و شارستانەکان بوون.



سۆزنە

# جینایەتێك لە بێدەنگی ورەوایی پێدانی دا

**عەلی بداغی**

ڕۆژی شەشەمی فێوریەی. هەرساڵ ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی خەتەنەکردنی ژنانە. خەتەنە کردەوەیەکە کەتێیدابەشێك لە ئەندامی زاوزێی ژنان دەبڕدرێ کە لەگەڵ بڕینی ئەم بەشە لە لەش و ئەندامی زاوزێی ژنان هەستی ژنانە یان ژنییەتی ژنانی خەتەنەکراو لە نێو دەچێ.

مێژووی خەتەنەکردنی ژنان بۆ ٢٠٠ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوەو بە یەکێکی دیکە لە چەشنەکانی دەسەڵات و هێز نواندنی پیاوان بەسەر ژنان لە کۆمەڵگاکانی پیاو سالاردا دەژمێردرێ کە تائێستاش لە زۆر لە کۆمەڵگا مرۆیی یەکاندا هەروا بەردەوامە. دەمارگرژیی ئایینی، دواکەوتوویی کلتووری، نەبوونی زانیاری لە سەر دەرەنجامەکانی خەتەنەو بەستنەوەی خەتەنەی کچان بە نەریتە ئایینی و نەتەوەیی‌یەکان هۆکارگەلی بەردەوامیی خەتەنەکردنی کچان لە سەر دەمی ئێستا دان. بەپێی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانیی بێهداشت ١٦٠ میلون کچ و ژنی خەتەنەکراو لە جیهان دا هەن و لە ساڵدا پتر لە ٣ میلیون کچی دیکەش لە تەمەنی ٢تا٤ ساڵی دا خەتەنە دەکرین.

ئەم دیاردەیە لە نێو نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش دا دیاردەیەکی باوەو و لە ژێر باندۆر و کارتێکەری‌یە نەریتی و ئایینی‌یەکاندا هەر وا قوربانی وەردەگرێ.

پەروین زەبیحی، چالاکی بواری ژنان لە لێکوڵینەوەیەکی تایبەت دا بە ئاماژەبە ئاستی بەربڵاوی خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان هۆکاری ئەم بەربڵاوی‌یەی خەتەنەکردنی کچان بۆ ڕەگ داکوتانی ئەو باوەڕە ئایینی‌یە دەگەڕێنێتەوە کەخەتەنەکردن بەکردارێکی ئایینی و نەریتێکی ئیسلامی پێناسە دەکەن. ناوبراو دەڵێ لە پۆلێکی ٤٠ کەسی لە شاری بۆکان ٣٨ کەس و لە پۆلێکی ١٨ کەسی لە شاری پیرانشار هەر هەموویان خەتەنەکرابوون.

**ئامانجەکانی خەتەنەکردنی کچان**

ـ بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی ئایینی وەك ئەوەی کە خەتەنەکردن سوننەتی عایشێو فاتمەیە

ـ کۆنترۆڵکردنی ئیشتیاو ویستەجینسی‌یەکانی کچان بەر لە شووکردن

ـ پارستن و نیشاندانی پاك داوینیی کچان بەهاوسەرانی داهاتوویان!!

خەتەنەکردنی کچان وەك یەکێك لە نیشانەکانی توندوتیژی دژی ژنان کە لە نەبوونی زانیاری و وشیاریی گشتی کۆمەڵگادا هەروا قوربانی وەردەگرێ، زۆرتر بە هۆی ماما ناوچەیی و پیرێژنەکان و لەهیندێك لە ناوچەکانی کوردستان بە هۆی ژنە دۆم و قەرەجەکانەوەو بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە ئامادەکاری‌یەکی پزیشکی و بێهداشتی و بەکەرەستەگەلی وەك تیغ،چەقۆو مقەستەوە ئەنجام دەدرێن.

**زیان و دەرەنجامەکانی خەتەنەکردن:**

خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی‌یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەت کردنی ئەوان و بەهەر بیانوو و مەبەستێك بێ جینایەتێکی دژەمرۆیی‌یە.

بڕینی کلیتوریس لە کچاندا تووشی زۆر کێشەی جەستەیی و دەروونی‌یان دەکا.کیس کردنی منداڵدان و" واژن" ، ئێش و ژان لەکاتی سوڕی مانگانەدا و لە نێوچوونی توانای منداڵبوون بەشێك لە زیانە جەستەیی‌یەکانی خەتەنەکردنی ژنانن. خەتەنەکردن هەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی لە ژناندا دەکوژێ و بەگشتی پێوەندی‌یە سێکسی‌یەکان بۆ ژنی خەتەنەکرا دژوارو بەژان تەواو دەبێ و ئەوەش بەمانای پێخوست کرانی مافی سروشتیی ژنان و زەوتکردنی مافی مرۆیی ئەوانە.

بەشێك لە زیانە دەروونی‌یەکانی خەتەنەکردنی ژنانیش بریتین لە توشبوون بە خەمۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ، ساردوسڕی پێوەندی‌یەکان، دابەزینی هەست و ئیشیای جنسی ژنانەیان و خۆشکردنی بوار بۆ سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی و قوڵبوونەوەی ئەو کێشەو گرفتانە تا ئاستی تەڵاق و جیا بوونەوە.

کۆی زیانە جەستەیی و دەروونی‌یەکانی کچان و ژنانی خەتەنەکراو و چوونە سەرێی پلەی زانیاری و وشیاریی کۆمەڵانی خەڵك وای کردوە کە وردەوردە خەڵك بیرلەوە بکەنەوە کە خەتەنەکردنی کچان نەك پێگەو کەسایەتیی ئەوان بەرزناکاتەوەو متمانەو دڵنیایی‌یان پێ نابەخشێ، بەڵکوو جینایەتێك و کردەوەیەکی دژەمرۆیی‌یە کە دەرحەق بە ئەوان ئەنجام دەدرێ. بەڵام تاگەیشتن بە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە ڕێگەیەکی دووررودرێژ وپڕ لە کەندو لەندمان لە بەردەم دایە.

ئەمرۆکە لایەنەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ومافی ژنان خەتەنەکردن بە یەکێك لە خاڵە گرینگەکانی توندوتیژیی دژی ژنان ناو دەبەن و کۆمەڵگای ڕۆژئاواش بە قەدەغە کردنی قانوونی، ئەو ڕەفتارەیان بە دژەمرۆیی و گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناڤین باس کردوە. لە ئێران و کوردستانیش دا پێویستە خەتەنەکردنی کچان و ژنان بەرەسمی وەك توندو تیژیی نامووسی بناسرێو بە شێوەی یاسایی بڕیاری قەدەغە کردنی بدرێ. پێویستە مامۆستایانی ئایینی فتوای خەتەنە نەکردنی کچان دەربکەن و بە پەرورەو فێرکردنی بەردەوام لە بنەماڵە، قوتابخانەو خۆێندنگاو کۆمەڵگا دا هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی بدرێ. سزادان و سەپاندنی سزای قورس بەسەر بکەرانی ئەورەفتارە چ ئەندامانی خێزان یان ماماکان و ناوەندە پزیشکی‌یە سەرپێچیکەرەکانیش دەتوانێ هەنگاوی جیددی و لیبڕاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیەبێ.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# زمانی یەکگرتوو دروست ناکرێ، دروست دەبێ

**دەقی وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە سمیناری زمانی یەکگرتووی کوردی دا کە لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ی ژانویەدا لەلایەن بنکەی ڕۆشنبیری کاوەو سەنتەری ئاڵاوە لە شاری هەولێر پێك هات.**

**بەشی یەکەم**

سڵاو لە ئێوە خوشك و برا بەڕێزەکان و دەستخۆشیش بۆ بنکەی کاوەو سەنتەری ئاڵا. ئەگەر کاك سەلاح پێی ناخۆش نەبێ دەڵێم سوپاس بۆ هەوڵی دڵسۆزانەی پیران ولاوان کە پێکەوە کارێکی هاوبەشیان بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردوە.

پێم خۆشە باسەکەم بە ئاخر قسەی دۆێنێی مامۆستا ڕەشید ئەفەندی دەست پێ بکەم کە فەرمووی (بۆ خۆشم لە مێژە باوەڕم پێی هەیەو تەنانەت نووسیویشمە) زمانی ستاندارد دروست ناکرێ، دروست دەبێ. ئەمە قسەیەکی تەواو تەواو پڕ بە پێستە. وەك دەزانین هەموو زمانەکانی دنیا بە تایبەتی زمانی ئەو میللەتانە کە ژمارەیان چەند ملیون و چەندین ملیونە، خاوەنی زاراوە یان بڵێین شێوەزاری جۆراوجۆرە. پێکهێنانی زمانی ستاندارد یان زمانی یەکگرتوو بەو مەعنایە نیە کە ئێمە ئەو شێوەزارانە دەسڕینەوە، لە بەینیان دەبەین و دەبێ هەموو کەس لەماڵی خۆی و لە دوکان و بازاڕو لە هەموو جێیەك، هەر بە یەك شێوە قسان بکا. چونکی ئەم کارە نە دەکرێ، و نە بە قازانجە. میللەتان بە درێژایی تاریخی خۆیان و بەو جۆراوجۆریە کە هەیانە کەلەپوورێکی یەکجار دەوڵەمەندیان لە فەرهەنگ وەسەریەك خستوە. لە بەین بردنی هەر یەك لەو جۆراوجۆریانە دەتوانێ زیانێکی زۆر بە فەرهەنگ و کەلەپووری نەتەوەیی ئەو میللەتانە بگەیەنێ. کە وابێ قەزیە ئەوە نیە، قەزیەکە زیاتر ئەوەیە کە وەختێکی میللەتێك بە چەند شێوە زار و چەند مەنتەقە دابەش بووە، ناکرێ هەموو خەڵکەکەی هەموو لەهجەکان فێر بێ تا وەکوو میللەتێك، وەکوو ئەندامانی نەتەوەیەك بتوانن تەفاهوم بکەن و لە سەر قازانجە هاوبەشەکانیان پێکەوە کار بکەن. کە وابێ دەبێ چ بکەین؟ خۆ ناکرێ ئەو میللەتانە کە شێوەزاری جۆراوجۆریان هەیە تێک نەگەن. کەوابێ دەبێ شێوەیەك هەڵ بژێرن بۆ ئەوەی لێك حاڵی بن، بە یەك زمان بنووسن، بە یەك زمان بخوێنن، بە یەك زمان بخوێننەوە.

به حوزووری ئەو مامۆستا بەڕێزانە ڕەنگە حەقی من نەبێ باس بکەم، بەڵام وەکوو دەزانین لە نێو زۆر میللەتاندا پێش ئەوەی هەستی نەتەوایەتی وەخەبەر بێ و جیاوازیی بەینی نەتەوەکان دروست بێ ئەو زمانە دروست بووە. ئەگەر ئێمە باسی ناسیونالیزم بکەین لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیادا وەخەبەر هاتنی هەستی ناسیونالیزم ناگاتە ٥٠٠ ساڵ، بەڵام زۆر لە میللەتان بە هەزاران ساڵە زمانێکی یەکگرتوویان هەیە، زمانێکیان هەیە کە پێی دەنووسن و پێی دەخوێننەوە و پێش ئەوەش کە خوێندن و نووسین بە شێوەیەکی بەربڵاو دایر بێ ئەو زمانە دروست بووە.

ئەمن ئەوەندەم شارەزایی بە سەر زماناندا نیە. بێجگە لە زمانەکەی خۆم تەنیا زمان کە بڵێم دەیان زانم و هەقم هەبێ بڵێم تا ڕادەیەك لێیان شارەزام دوو زمانی فارسی و عەرەبین. بەڵام هەر بۆ نموونە زمانی عەرەبی کە تەقریبەن ئێوە هەمووتان لە منی پتر لێ دەزانن زۆر زۆر پێش ئەوەی نەتەوەی عەڕەب خۆی وەك نەتەوەی عەرەب بناسێ و وەکوو نەتەوەی عەڕەب خۆی تەعریف بکا، زمانێکی یەکگرتووی بۆ دروست بووە، ئەو زمانە چۆن دروست بووە؟ هەر وەکوو باس کرا دروست نەکراوە، دروست بووە. ئەوانەی دەبنە باعیسی دروستبوونی زمانێکی یەکگرتوو هێندێك هۆکارن. ڕەنگە بە قووەتتر لە هەموویان ئابووری بێ، پاشان سیاسەتە، دینە، جاری وایە تەریقەتە. ئەگەر بۆ نموونە زمانی عەرەبی بگرین لە زمانی عەرەبیدا دوو عامیل دەستیان وەدەستی یەك داوە کە ئەو زمانە دروست بووە یەکێکیان دینی و یەکێکیان ئابووری. دەزانین کە زمانی یەکگرتووی عەرەب ئەو زمانەیە کە ئێستا پێی دەڵێن سعوودی (هەر چەند سعوودی هەمووی بەو زمانە قسە ناکەن) بەڵام وەختی خۆی زمانی قورەیشان بووە، لەهجەی قورەیش بووە. لەهجەی قورەیش بۆیە بوو بە زمانی یەکگرتووی عەرەبان لە بەر ئەوەی لە لایەك عامیلی دینی هەبوو، بوتخانەی کەعبە هەبوو کە هەموو قەبایلی عەرەب ڕوویان تێ دەکرد، لە لایەکیش بازاری "عوکاظ" هەبوو کە ساڵێ دوو جار، ئەوەیکە لە قورئانیشدا هاتوە پێی دەڵێ "رحلة الشتاء والصیف" دوو جار کۆ دەبوونەوە بۆ گۆڕینەوەی کالا و لە عەینی حالدا بۆ گۆڕینەوەی فەرهەنگ و موفاخەرە بە قەولی خۆیان. ئەم شاعیر دەهات ئەو شاعیر دەهات ئەم خەتیب دەهات ئەو خەتیب دەهات. دەبوو قسە بۆ یەکتری بکەن، تێك بگەن. ئەویان تەعریفی خۆی بکا، ئەویان بە شانازییەکانی خۆی هەڵڵا بڵێ. باشە دەبوو زمانێك هەبێ لێك حاڵی بن. خۆ نەدەکرا هەر کەسە بە لەهجەی خۆی قسە بکاو ببێتە ئەوەی عەرەب پێی دەڵێن "حوار الطرشان" یان "دیالۆگی کەڕان": نەدەکرا وابێ. باشە لەهجەی کوێ باشە؟ ئەو جێیەی کە میوانداره خانه خوییە. لە نەتیجەدا وای لێ هات ئەو زمانە بوو بە زمانی هەموان.



# "عاشقانەهای شعر کرد"

# چاپ و بڵاو کرایەوە




به پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی کتێبی ئێران، ئەم کتێبە هۆنراوەکانی ٧٠ ساڵی دوایی ١٦ شاعیری کوردی لەخۆ گرتوە. بەشێك لەم شاعیرانە لە کوردەکانی باشوورو هێندێکیشیان لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتن.

وەرگێڕانی فارسی دوو پارچە شێعری شێرکۆ بێکەس، هەشت شێعری عەبدوڵڵا پەشێو، شەش شێعری لەتیف هەڵمەت، دوو شێعری فەرهاد پیربال، حەوت شێعری ڕەفیق سابیر، شەش شێعری نەوزاد ڕەفعەت، چوار شێعری فەرهاد شاکەلی، چوار شێعری ئەنوەر قادر محەممەد، سێ شێعری شیرین ك.، پێنج شێعری قوبادی جەلی زادە، پێنج شێعری شاهۆ کوردستانی، پێنج شێعری ڕێبوار سیوەیلی، چوار شێعری فەریاد شیری، دوو شێعری ئەسرین هاشمی فەڕ، شێعرێکی بێهرووز محەممەدەو سێ شێعری ئارەش سەنجابی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوەو بڵاوکراونەتەوە.

زۆربەی ئەم شێعرانە کورتن و نێوەڕۆکی ئەویندارانەیان هەیە.

# یادی بەخێر!

خەونی لاویم بەشەوی بسکی سپارد یادی بەخێر
ئاهی خەرمانم بەرەو ڕووی مانگی نارد یادی بەخێر
ئاسمانی چاوی تۆ تەقڵەی بە ژینم لێ ئەدا
دانەدانەی خاڵەکانیشم بژارد یادی بەخێر
دەس لە ملّ کەڵوێ سنووری جێ دەهێشت ئەسرینی من
لەو هەموو خوڵك و بەڵێنە خۆت بوارد یادی بەخێر
دیتە بیرت پێم وتی لەدوای خوا تۆم خۆش دەوێ؟
نامەکانیشم بەرووت سوێندی ئەخوارد یادی بەخێر
تا نەچرپێ ڕازی دیمانەت بە گوێی نامەحرەما
هەر لە دوو توێی خانەی ئیهامم دەشارد یادی بەخێر
باخەوان لاقی مەلی دەشکان و گوڵ خونچەش دڵی
ئەو خەسارانەی دەسی کەس نەیبژارد یادی بەخێر
جەزر و مەددی شیوەنم تۆفانی ڕووی مانگی مونیر
ڕێی مەترسی بوو شەویش تاریك و سارد یادی بەخێر
تاری دڵ هێشتا چریکەی ئاگراوی زەخمەکەت
بۆ هەوای سازێتر ئەمنت هەڵپەسارد یادی بەخێر
ڕۆژێ بۆرانی ئەویندارت بە ناڵەشکێنەوە
چاو لە ڕێی گیانی بە تۆزی ڕێ سپارد یادی بەخێر
لەو هەموو گوڵچەپکە شێعرەی سروە ناردی بۆ بەیان
باسی خونچەی لێوی ئاڵی هەڵ بژارد یادی بەخێر

# بڕۆم

لێم گەڕێن بەم شەوە لەم شارە بە شاراوە بڕۆم
سەری خۆم هەڵگرم و لەم کونە ئاژاوە بڕۆم
ئێمە هەر شاربەدەری خێڵی دهۆ بووین وەتی هەین
چارەنووسی منە با لێ دەم و لەم ناوە بڕۆم
بەردەبارانی ڕکە ئاوێنەکان ئەشکێنێ
دڵ گزەی دیوە، لەخۆڕاوە نەئێشاوە بڕۆم
ئاسمان لێرە بە ڕۆژ خۆی لە خەم ئەگرێت و شەویش
مانگ بە ڕەشپۆشی دەبینم لە ئەوی لاوە بڕۆم
تاکوو دوێنێ بوو دەپارامە لێت گیانە مەڕۆ
سۆزی دڵتەنگی لەبەر عیشقم دەپاڕاوە بڕۆم
سەردەمێك تووشی پشیلەش کە دەبووم ڕێزم ئەگرت
سەرو ڕووی جامی ژیانم هەموو ڕووشاوە بڕۆم
بڕێ زانین وەکوو هەنگوینە لەناو پێستی سەگا
دەستی هەستی بە فریوێکیەوە گلاوە بڕۆم
فاسقی خەمسەیە بەرماڵی لەسەر ئاو ئەگەڕێ
ئاوری سووچی لە مێژی مەیە نەکوژاوەبڕۆم
ئەوی هەستت بیەوێ ئاوەزت ئەی بووغزێنێ
تازە لەو هەردە زمان مەیلی دڵی ناوە بڕۆم
ئاسمان دوورو زەوی سەختە خوا هانایەك
تەنگی ڕێگا ئەتۆ بیکێشە منیش واوە بڕۆم
ئاسۆ جاڕز بووە هێندە شایەدی بۆ کازیوە دا
شەونمیش ئارەقی شەرمێکە لە ڕووی گیاوە بڕۆم
گڕی بێ ڕێزی پشووی وشتری نا دۆژەهەوە
وا مهار لێرە بە کورتانەوە بەسراوە بڕۆم
پێرێ پیلانێ لە ناو باخی بەهەشت ڕاوی دەنام
وێڵی سەربەستی لە هیچ شوێنێ نەگرساوە بڕۆم
پیاوەتی شرت و گومی هێرشی بۆرانە ورەی
ڕۆژی ڕووناك من ئەبینێتەوە بە چراوە ! بڕۆم

نادر نیرومەند (بۆران)

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No504   18 Feb  2009

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 11604 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

# ڤالێنتاین لە کوردستان

قادر وریا

چەند ساڵێکە یاد کردنەوەی ڤالێنتاین (رۆژی خۆشەویستی)، بە شێوەیەکی بەرتەسك بەڵام روو لە زیاد بوون، هاتۆتە نێو ژیانی لاوانی ئێمەی کوردیش و، لە میدیاکانیشمان دا وردەوردە بایەخی پێ دەدرێ.

ئەوا دوو سێ ساڵە هەر کە لە ٢/١٤ی ساڵی زایینی نزیك دەبینەوە، ڤالێنتاین دەبێتە بۆنەیەك بۆ ئەوەی لە نێو کۆڕی لاوەکان، لە نێو بنەماڵەکان و لە سەر لاپەڕی گۆڤار و رۆژنامەکان یا لە بەرنامە رادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی‌کان دا، باس لە خۆشەویستی بکرێ. لە خودی رۆژی ڤالێنتاینیش دا رەنگ و بۆ و تام و چێژی ئەم بۆنەیە، بە شێوەی جۆراوجۆر بەدی بکرێ. بە دەیان هەزار کورتە نامە کە هەوێنەکەی خۆشەویستی‌یە، لە نێو کچ و کوڕە لاوەکان دا دێ و دەچێ، گوڵی "رۆز" رمێن پەیدا دەکا و وەك دیاری دەدرێتە دەستی خۆشەویست دیاریی تایبەت بەم رۆژە دەدرێ بە کەس یا کەسانی ئازیز و، جیلوە جوانەکانی خوشەویستی و یەکتر ویستن، زۆرتر لە رۆژانی دیکە، یا راشکاوانەتر و بوێرانەتر لە رۆژانی دیکە خۆیان دەردەخەن.

لە سەردەمی بە جیهانیبوون و، پێکەوە بەسترانەوەی تاکەکانی جیهان لە سێبەری پێشکەوتنی تێکنولوژیی پێوەندییەکان و نەمانی سنوور و بەربەست لە بەردەم رادیۆ و ئینترنێت و تەلەڤیزیۆن دا، شتێکی سروشتی‌یە کە زۆر لە دیاردەکان و نەریتەکانیش خەسڵەتی گشتی و جیهانی بە خۆیانەوە بگرن. بەڕێوەبردنی رۆژی ڤالێنتاینیش کە نەریتێکی رۆژئاوایی‌یە، لەم رێگایەوە، لە سنووری وڵاتانی رۆژئاوا دەرچووە و ئێستا بووە بە نەریتێکی جیهانی.

لە مێژە لە پێوەندی لەگەڵ بە جیهانیبوون دا باس لە دوو پرسی گرنگ دەکرێ، یەکەمیان دروستبوونی کولتوورێکی هاوبەشی جیهانی‌یە، دووهەمیان چارەنووسی کولتووری نەتەوە کەم دەسەڵاتەکان لە بەرامبەر هرووژمی کولتووری نەتەوە و کۆمەڵگە دەستڕۆیشتووەکان دا بمانەوی‌ۆ نەمانەوی‌ ئەم کولتوورە هاوبەشە جیهانی‌یە، دروست بووە و خەریکە رۆژ بەرۆژ دەوڵەمەندتر دەبێ. لە خۆرانییە هەڵسوکەوتی لێك نزیك، بیر کردنەوەی وەکیەك و زۆر بەها، رەفتار و کردەوە و بۆنەی لێکچوو لە نێوان تاکەکانی سەرانسەری گۆی زەوی‌دا، سەرەڕای جیاوازیی زمان و ئایین و هەڵکەوتی جواغرافیایی، لە زیاد بوون دان. ئەوە شتێك نیە من و تۆ و ئەوی دیکە بتوانین پێشی پێ بگرین. هێندێك لەو رەفتارو بیر کردنەوە و بەهایانە نەك هەر نابێ پێشیان پێ بگرین بەڵکوو دەبێ بە پێشوازییشیانەوە بچین چونکە ژیرانە، پێشکەوتنخوازانە و ئینسانین. ئەگەر وەك کورد شتێکیش بە حەق بە نامۆو نەگونجاو و زیانبار دەزانین و دەمانەوێ لە نێو کۆمەڵ و نەتەوەی ئێمەدا پنچ دانەکوتن و پەرە نەستێنن، دەبێ نەك بەزەبر و زەنگ و سەرکوت، بەڵکوو بە پێکهێنانی زەمینە و کەشو هەوایەکی لەبار، بە لە نێو بردنی هۆیەکانی سەر هەڵدانی دیاردە زیانبارەکان و، بە دۆزینەوەی رێگا دروستەکانی فێر کردن و وەڵامدانەوەی نیازو پێویستی‌یەکانی منداڵ و لاو وگەورەی ئەم سەردەمەی کۆمەڵی خۆمان، بەرەو روویان بینەوە.

لێرە دایە کە پرسی دووهەم واتە چارەنووسی کولتووری کۆمەڵ و نەتەوەکەم دەسەڵاتەکان لە بەرامبەر چارەنووسی کولتووری نەتەوە دەستڕۆیشتووەکان دا، زەق دەبێتەوە. ئەگەر دەمانەوێ بە کولتووری جوان و بەها و بایەخەجوانەکانی خۆمانەوە لە دنیای بە جیهانیبوودا جێگەو پێگەیەکمان هەبێ، ئەگەر دەمانەوێ لە بەرامبەر ئەو هەموو شتەدا کە وەرمان گرتوەو وەری دەگرین، شتێکیشمان لە مێژوو و کولتوور و شوناسی خۆمان پێ بێ، دەبێ ژیرانە بجووڵێینەوە.

پێش هەموو شتێك دەبێ لە هەوڵی خۆ بەهێز کردن و جێ پێی خۆ قایم کردن وەك نەتەوەیەك دا بین. بە بێ هەبوونی دەسەڵات، بە بێ هەبوونی ئابووری، بەبێ هەبوونی فەرهەنگ و شارستانییەتێکی گونجاو لەگەڵ عەقڵییەت و بیر کردنەوە و نیازەکانی مرۆڤی سەردەمی بە جیهانیبوون، هیچ کارێك ناکرێ.

دێمەوە لای ڤالێنتاین. ئەگەر پێشتر لە نێو ئێمەدا رۆژێك بە ناوی رۆژی ڤالێنتاین نەبووە، خۆ هەر لە کۆنەوە خوشەویستی هەبووە! هەر ئەو خۆشەویستی‌یەی لە هەموو جێگایەکی جیهان بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئینسانی‌یە لە نێو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆمان دا، هەوێن و سەرچاوەی هەزاران بەیت و چیرۆك و داستان و لە راستیدا هەوێنی ژیان بووە، ئەدی بۆچی لە مرۆڤەکانی وڵاتی خۆمان کردوومانە بە تاوان و گوناحێکی گەورە؟! بوچی بە تاوانی یەکتر خۆشویستن، کوڕ وکچەکانمان دەکوژین؟ بۆ چی ناچاریان دەکەین "خۆشەویستی" لە حەشارگەی دڵەکانیان و ماڵەکانیان و موبایلەکانیان دا هەڵ بگرن و نەوێرن بیدرکێنن؟ رەگو پنجی کام دیاردە دەگەڕێتەوە بۆ نێو کولتووری ئێمە؟ کوشتن لە سەر خۆشەویستی؟ یا خوشەویستی و رێزگرتن لە ئەوین و یەکتر ویستن؟ لە هەر حاڵ دا ئێمە رابردوو کولتوورمان هەر جۆرێك بووبێ، دەبێ قبووڵ بکەین خوشەویستی و یەکترویستن نیازێکی حاشاڵێنەکراو و مافێکی بێ ئەم لاو ئەولای مرۆڤەکانەو، ئەگەر بەم چاوە سەیری نەکەین، ژیان لە دەورووبەرمان و لە ئاکام دا لە خۆمان دەکەین بە دۆزەخ. با لەو پێشوازییەی لاوەکانمان لە ڤالێنتاینی دەکەن، لە پێویستیی خوشەویستی تێ بگەین و"خوشەویستی" بە رەسمی بناسین.

# فیلمی شەهرام موکری لە لەهستان دا



کورتە فیلمی "گەردەلوولی سەنجاقەك" لە دەرهێنانی سینەماکاری لاوی کورد شەهرام موکری، لە بەشی کێبڕکێی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمە سەربەخۆکانی "زووم - کلوزئاپ" لە وڵاتی لەهستاندا نیشان دەدرێ.

بەشی کێبڕکێی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمە سەربەخۆکانی "زووم - کلۆزئاپ" بە بەشداریی ٧١ فیلمی بڵند، نیوە بڵندو کورتە فیلم لە سینەماکارانی سەرانسەری دنیا لە چەند بەشی جۆراوجۆردا لە وڵاتی لەهستان بەڕێوە دەچێ، لەوانە: باشترین فیلمی چیرۆکی، باشترین فیلمی دیکۆمێنتی، باشترین فیلمی ئەنیمەیشێن واتە کارتۆنی، باشترین فیلمی ئەزموونی، باشترین فیلمی خوێندکاری، باشترین فیلمی سەربەخۆو باشترین فیلمی ئاماتۆر.

جێی ئاماژە پێدانە ئەندامانی ٦ کەسی لێژنەی ناوبژیوانی فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمە سەربەخۆکانی "زووم - کلۆزئاپ" کە پێکهاتووە لە: خاتوو مەرجان ریاحی لە وڵاتی ئێران، ٤ سینەماکارو فۆتۆگرافەر لە وڵاتی لەهستان، هەروەها سینەماکارێکی چێکی، خەڵاتی گەورەی فیستیڤاڵ و خەڵاتی بە جۆراوجۆرەکانی فیستیڤاڵ بە سەر هونەرمەندانی سەرکەوتوو دابەش دەکەن.

جێی وەبیر هێنانەوەیە چەند رۆژ بەر لە ئێستا سینەماکاری کورد شەهرام موکری بۆ سازکردنی فیلمی سینەمایی "ئەشکان و ئەنگوستیلەی پیرۆزکراو و چەندین چیرۆك" لە لایەن ئەندامانی لێژنەی ناوبژیوانی بەشی کێبڕکێی فیلمە ڤیدیۆییەکانی سینەمای ئێران، لە ٢٧مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی فەجر، دیپلۆمی شانازیی باشترین دەرهێنەری فیستیڤاڵی پێ بەخشرا.

# ژنانی کفن پۆش: بەڵگەنامەییەك سەبارەت بە بەردەباران کردن لە ئێران دا

فیلمە بە سەرهاتی چالاکییەکانی گرووپێکی لایەنگری مافی مرۆڤ لە ئێران بە رێبەریی شادی سەدرە کە هەوڵ دەدا پێشگیری لە جێبەجێ بوونی بەردەباران لە ئێراندا بکا.

فیلمی بەڵگەنانەیی ژنانی کفن پوش، بە هاوکاریی ئەنیستیتۆی ساندس کە دامەزراوەیەکی فەرهەنگیی سەر بە فیستیڤاڵێکی سینەمایی کە هەمان ناوی هەیە لە موزەخانەی شاری لۆس ئانجلێس نیشان درا.

فیلمی ژنانی کفن پۆش بەرهەمی فەرید حایری نژادو محەممەد رەزا کازمی، دوو فیلمسازی ئێرانی، یەکێك لەو فیلمانەیە کە



بە هۆی ئەو بایەخە مافی مرۆڤیانەی تێدا گونجێندراوە لە لایەن ئەو دامەزراوەیەو بە هاوکاریی و پشتگیریی فیستیڤاڵی ساندس وەك "بەرهەمێکی بەرزە روو"یان بەرهەمێك لە پێویستە بینەران رای لە سەر بدەن لە موزەخانەی هەمەری شاری لۆس ئانجلێس نیشان درا.

کریستیەن هیلی رێکخەری ئەم بەرنامەیە لەمبارەیەوە دەڵێ: لە لای ئێمە پشتیوانی لەم فیلمە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دوو فیلمسازی ئێرانی لێرەن کە پرس و گرفتە تایبەتەکانی ئەم وڵاتە لە بواری نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دا دەخەنە روو. ئێمە لە رابردوودا فیلم گەلێکی دیکەمان لە سەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران نیشان داوە بەڵام ئەم فیلمە بەتایبەت لەمبارەیەوە بۆ ئێمە گرنگیی هەیە کە لە رێگای ئەوەوە دەتوانین دەنگێك لە نێو خۆی ئێرانەوە بە دەرەوە و بە گوێی جیهانیان بگەیەنین.

# کامگارەکان دوای ١٢ ساڵ کۆنسێرتێک سازدەکەن



سەرچاوەیەکی نزیك لە گرووپی کامکارەکان بە سایتی سبەی راگەیاند: بڕیارە گرووپی کامکارەکان

دوای ١٢ ساڵ، لە ١٩ی فیوریە لە شاری تۆرنتۆی کانادا کۆنسێرتێکی گۆرانی و مۆزیك سازبکەن کە چەند گۆرانی نوێ و کلاسیك لەگەڵ چەند گۆرانییەکی کوردی لەخۆ دەگرێ.

شایانی باسە ئەم کۆنسێرتە لە شارەکانی مۆنترال و ڤانکۆێری کانادا و لە چەند شاری دیکەی ئەمریکا تاوەکو ٨ی مارس بەردەوام دەبێ.

# چاپکراوی نوێ:




ژمارەی ٢٠ی گۆڤاری ژنان کە لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاودەکرێتەوە، چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەم ژمارەیەی "ژنان" کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە پرسەکانی ژنان، کۆمەڵگە، سیاسەت و هەواڵ و راپۆرتی پێوەندیدار بە چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی لە خۆ گرتوە.




ناوی کتێب: عەداڵەتی کۆمەڵایەتی
نووسەر: توماس هاممارباری
وەرگێڕان لە سوئێدییەوە: عوسمان ئیسماعیلی (ئاشق)
ناوەندی وەشان: دەزگای وەرگێڕان

